شوبهەی نۆزدەهەم

ئەگەر هاواركردنە غەیری خوا شیركە، ئەدی بۆ وەڵامیان دەدرێتەوەو، جار جار داواكاریەكانیان دێنە جێ ؟!.

دوای ئەوەی لە شەرعدا بۆمان دەركەوت كە:

هەر یەكێك هاوار بكاتە غەیری خوا، ئەوە سەرەڕای گوناه گەیشتن، هیچ قازانجێك ناكات لە داواكاریەكەی؛ چونكە كەس هیچی بەدەست نیەو سودو زیان تەنها بەدەست خوایە. وەفریشتەو پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و پیاوچاكان، هێنانی قازانج و لادانی زەرەریان بەدەست نیە، نەبۆخۆیان وە نەبۆ غەیری خۆشیان. وە ئەگەر هاواریشیان بكرێتێ هاواری كەس نابیستن، وە ئەگەر وای دابنێین ـ فَرضَاً ـ بشبیستن، هەر وەڵامیان پێ نادرێتەوە و، داواكاری كەسیان پێ جێ بەجێ ناكرێت !!.

دوای ئەم ڕاستی‌یە، ئایا بۆچی لەواقیعدا دەبینین، یان دەبیستین كە هەندێك لەو شەخس پەرستانەی كە هاوار دەكەنە پێغەمبەر ﷺ و پیاوچاكان و دەڵێن (یا محمد، یا شیخ عبدالقادر هاوار...)، دەبینین هەندێك جار وەڵامی داواكاریەكەیان دەدرێتەوەو، هەندێك داواكاریان دێتە جێ ؟!.

وە لەوەش زیاتر هەندێك لەوانە بە شمشێر لاشەی خۆی كون كون دەكات و، دەچێتە ناو ئاگر و، شوشە دەخوات، بێ ئەوەی هیچ زیانیشی پێ بكەوێت ؟!.

ئایا ئەم واقیعە چۆن لێك دەدرێتەوەو تەفسیر دەكرێت بەگوێرەی قورئان وسوننەت؟!. وە ئایا ئەو دیاده سەیرو ناعادەتیانە كەرامەت نین، وە نیشانەی ئەوە نین كە ئەوان وەلی خوای پەروەردگارن؟!.

هەڵوەشاندنەوەی شوبهەی نۆزدەهەم

لە وەڵامدا ـ بە پشتیوانی خوا ـ دەڵێم: لێكدانەوەی ئەم واقیعەو تێگەیشتنی، پێویستی بە تێگەیشتنی چەند ڕاستیەك (حەقیقەتێك) هەیە، كە وەك پێشەكیەكن بۆ نەتیجەیەك كە وەڵامی پرسیارەكەیە:

چەند پێشەكیەك و ئەنجامێك هەیە:

<u>ڕاستی یەكەم</u>: لە ڕابوردوودا بە بەڵگەكانی شەرع تەواو دڵنیا بوویت ـ إن شاء الله ـ كە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و پیاوچاكان و فریشتەكان، ناتوانن وەڵامی كەس بدەنەوەو داواكاری كەس بەجێ بگەیەنن.

ڕاستی دووەم: زانیت کە هاوارکردنە غەیری خوا شیرکە، وە لە دونیادا واسیتەکردن بە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و پیاوچاکان بۆ نزیك کردنەوەو شەفاعەت بۆ کردن لای خوا، دوای مردنیان کوفرەو، خوا لەم کارە ڕازی نیەو فەرمانی لەسەر نیە.

ڕاستی سێهەم: شەیتانە جنۆکەکان هانی خەڵکی دەدەن، هاوار بکەنە غەیری خوا، وە خەڵکیش بەقسەیان کردوون و، تووشی شیرك بوون و، کەوتونەتە داوی شەیتان، وە شەیتانەکان دەپەرستن، چونکە کە هاواری هەر یەکێك بکەن جگە لە خوا، ئەوە هاوارەکە بەقسەی شەیتانەو نەتیجەشی هەر بۆ شەیتانە. وەك خوا دەفەرموێت:

﴿ إن يدعون من دونه إلا إناثاً **وإن يدعون إلا شيطاناً مريداً** ﴾ النساء (١١٧)

واتە هاواریان بۆ غەیری خوا بۆ کەس نیە، تەنها بۆ شەیتانێکی یاخی بوو نەبێت.

وە شەیتانە جنۆکەکانیش، بۆ ئەوەی زیاتر خەڵکە گۆڕپەرستەکان دڵیان خۆش بێت بەهاوارکردنە غەیری خواو شەریك بۆ خوا دانان و، بەردەوام بوونیان لەسەر شیرك و، گومڕاکردنی خەڵکانی تریش، کە سادەو بێ ئاگان لە قورئان و حەدیس. جا کاتێ کە خەڵکی هاوار دەکەنە هەر یەکێ جگە لەخوا، یەکسەر شەیتانە جنۆکەکان لەم پێناوەدا هەوڵی جێ بەجێ کردنی داواکاریەکەی دەدەن، ئەگەر لەتوانایاندا هەبێت.

وە بەردەوام شەیتانە جنۆکەکان ئامادەن لای ئەم قەبرانەی کە خەڵکی زیارەتیان دەکەن و، بە ئیعتیقادەوە هاواریان دەکەنێ. وە جاری وا هەیە ڕووناکیەك نیشانی خەڵکەکە دەدەنن، یان دەنگێك دەکەن و قسەیەك دەکەن، یان خۆیان دەخەنە سەر شێوەی مردوە هاوارلێ کراوەکەو، خۆیان نیشانی ئەو کەسە دەدەن کە هاوار دەکاتە مردوەکە، وە هەندێك شتیان پێ دەڵێن بۆ ئەوەی زیاتر گومڕایان بکەن و، وابزانن کە ڕوحیانەتی مردوەکەیە قسەیان لەگەڵ دەکات، یان پیاوچاکەکە زیندووە بە بەردەوامی و ئاگای لە خەڵکەکەیەو، وەڵامیشیان دەداتەوە.

وە خەڵکە نەفامەکە نازانن ئەمە شەیتانەو دەیەوێت گومڕایان بکات. هەروەکو پەروەردگار لە قورئاندا ئەم ڕاستیانەی بۆ دەرخستووین و دەفەرموێت:

﴿ ويوم يحشرهم جميعا يا معشر الجنّ قد استكثرتم من الإنس، وقال أولياؤهم من الإنس **ربّنا استمتع بعضنا ببعض** وبلغنا أجلنا الذي أجّلت لنا قال النار مثواكم خالدين فيها إلّا ما شاءَ اللهُ إنّ ربّك حكيم عليم **وكذلك نولّي بعض الظالمين بعضاً** بما كانوا يكسبون ﴾ الأنعام (١٢٨)

واتە: یادی ئەو ڕۆژە بکە ـ ئەی محمد ـ کە پەروەردگار، کافرەکان و پەرستراوەکانیشیان (لە شەیتانە جنۆکەکان)، کۆدەکاتەوە و پێیان دەفەرموێت:

ئەی کۆمەڵی جنۆکە، خەڵکێکی زۆر لەم مرۆڤانەتان گومڕاکرد. وە مرۆڤە کافرە موشریکەکانیش دیفاع دەکەن و دەڵێن: ئەی پەروەردگار ئێمە هەردوولا سودمان لە یەکتری وەردەگرت؛ کە بەگەورەمان دادەنان و پەنامان پێ

دەگرتن و هاوارمان دەکردنێ. وە ئێمەش قازانجی ئەوەمان لێ دەکردن کە جار جار وەلامیان دەداینەوەو هەندێك داواکاریان بۆ جێ بەجێ دەکردین)[١] .

وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إنّ الذين اتقوا إذا مسّهم طائفٌ من الشيطانِ تذكّروا فإذا هم مبصرون، وإخوانهم يمدّونهم في الغيّ ثمّ لا يُقصرون ﴾ االأعراف (٢٠١ ـ ٢٠٢).

واتە: ئەو کەسانەی کە بە تەقوان و خۆیان لە بێ شەرعی و، تووڕەیی خوا دەپارێزن، ئەگەر وەسوەسەو پیلانی شەیتانیان بۆ بێت، بیردەکەنەوە کە ئەمە لە شەیتانەوەیەو، شەیتانیش دوژمنیانەو دەیەوێت گومڕایان بکات؛ بۆیە یەکسەر سەرپێچی لە فەرمانی شەیتان دەکەن و، خۆیان دەپارێزن لە فێڵەکانی و دوور دەکەونەوە لە داوو وەسوەسەکانی.

بەڵام براکانی شەیتانە جنۆکەکان، کە ئەو کەسانەن هاوار دەکەنە غەیری خواو بەقسەی شەیتان دەکەن و بێ فەرمانی خوا دەکەن – ئەم برایانەی شەیتانەکان، یارمەتیان دەدەن و، مەدەدیان بۆدەهێنن و، لە دویان دەدەن بۆ گومڕاکردن و لاڕێ بوون: ﴿ يمدُّونهم في الغيّ ﴾ **وە زۆر کاریان بۆ ئەنجام دەدەن.**

وە هەروەها هیچ لایەکیان کەمتەرخەمی ناکەن لە یارمەتی دانی یەکتری:

مرۆڤە گۆڕپەرستە سەر لێ شێواوەکان، کەمتەرخەمی ناکەن لە بەقسەکردنی وەحی و فەرمانەکانی شەیتانەکان.

وە جنۆکە شەیتاتنەکانیش کەمتەرخەمی ناکەن لە یارمەتی دانی دۆستەکانیان لە گومڕایەتی !! .

---

11) وقال الإمام المفسِّر الحافظ ابن كثير ــ رحمه الله ــ:يقول تعالى: واذكر يا محمد فيما تقُصُّه عليهم وتنـذرهم بـه ﴿ويوم يحشرهم جميعا﴾ يعني الجن وأولياؤهم من الإنس الذين **كانوا يعبدونهم في الدنيا، ويعوذون بهم ويطيعونهم** ويوحي بعضهم إلى بعض زخرف القول غرورا ﴿يامعشر الجنّ قد استكثرتم من الإنس﴾ أي ثم يقول يا معشر الجن، وسياق الكلام يدلُّ على المحذوف. ومعنى قوله ﴿قد استكثرتم من الإنس﴾ أي من إغوائهم وإضلالهم، كقوله تعـالى ﴿ألم أعهد إليكم يا بني آدم ألاّ تعبدوا الشيطان؛ إنه لكم عدوٌّ مبين. وأن اعبدوني هذا صراط مستقيم. ولقد أضل منكم جبلاً كثيرا أفلم تكونوا تعقلون﴾.

﴿وقال أولياوهم من الإنس ربّنا استمتع بعضنا ببعض﴾ يعني أن أولياء الجن من الإنس قالوا مجيبين لله تعالى عن ذلك بهذا...قال الحسن: وما كان استمتاع بعضهم ببعض إلاّ أن الجن أمرت، وعملت الإنس. وقال ابن جريج: **كان الرجل في الجاهلية ينـــزل الأرض، فيقول أعوذ بكبير هذا الوادي.** فذلك استمتاعهم، فاعتذروا به يوم القيامة. وأما استمتاع الجن بالإنس، فإنّه كان فيما ذكر مـا ينال الجن من الإنس؛ من **تعظيمهم إيَّاهم في استعانتهم بهم**، فيقولون قد سدنا الإنس والجن).إ.هـ المراد منـه ((تفسـير القـرآن العظيم))(٢/١٦٧،١٦٨).

وقال الشيخ المفسِّر عبدالرحمن بن ناصر السعدي ــ رحمه الله ــ في تفسيره لهذه الآية:[**ربّنا استمتع بعضنا ببعضٍ**]: أي تمتَّعَ كل من الجنّي والإنسي بصاحبه، وانتفع به. **فالجنِّي يستمتع بطاعة الإنسي له، وعبادته وتعظيمه، واستعاذته به. والإنسي يستمتع بنيل أغراضه، وبلوغه بسبب خدمة الجنِّي له بعض شهواته، فإن الإنسي يعبد الجنّي، فيخدمه الجنِّي، ويحصل له منه بعض الحوائج الدنيوية.**

وە هەروەها پەروەردگار پێی ڕاگەیاندون كە هەركەسێك واز لە قورئان بهێنێت و بەقسەی قورئان نەكات و، تەنها هاوار نەكاتە خوا؛ ئەوا پەروەردگار شەیتانێكی بۆ تەرخان دەكات و دەیكات بە هاوەڵی. وە ئەم شەیتانەش ئەو مرۆڤە گومرا دەكات كە لە قورئان پشتی هەڵكردووە، وە لە ڕێگای ڕاست لای دەدات.

﴿ ومَنْ يَعشُ عن ذكرِ الرحمنِ نُقَيِّضْ له شيطاناً فهو لهُ قرين، وإنّهم لَيَصُدّونهم عن السبيل ويحسبون أنهم مهتدون﴾ الزخرف (٣٦ ــ ٣٧).

كەواتە لە سزای واز هێنانیان لە قورئان، كە فەرمانی پێ كردبوون تەنها هاوار بكەنە خوا، وە لەگەڵ ئەودا هاوار نەكەنە هیچ یەكێكی تر. وە تەنها ئەو بپەرستن و هیچ شەریكی بۆ دانەنێن لەسزای ئەوە كە فەرمانی خوایان شكاند بۆ فەرمانی شەیتان. خوای گەورە شەیتانێكی بۆ هەر یەكێكیان داناوە كە ببێتە هاوەڵی و بەردەوام لێی جیا نەبێتەوە.جا ئەوكاتە ئەو هاوەڵە شەیتانانەی، زیاتر ئەو كەسانە گومرا دەكەن و بەشێوەیەكی واش گومرایەتیەكەیان بۆ دەڕازێننەوە كەوا حیساب بكەن هیدایەت دراون و، لەسەر حەقن.

بۆ نمونە: شیرك و گۆڕپەرستی و هاوەڵ دانان بۆ خوا، دەڕازێنێتەوە لەپێش چاویان، و وای دەردەخات كە كارێكی چاكە و، بەو ڕێگایە لەخوا نزیك دەبنەوەو ئەوە ڕێز گرتنە لە پیاوچاكان!!

وە ئەو شەیتانە جنۆكانە؛ بە ویستی خوای گەورە توانای زۆریان هەیە بۆ نمونە دەتوانن بەزووترین كات و كەمتر لە ڕۆژێك مرۆڤ بفرێنن لە عیراقەوە بۆ (مەككە) و بیگەڕێننەوە هەروەك چۆن یەكێك لە جنۆكەكانی ژێر دەستی پێغەمبەر(سلێمان) ﷺ وتی: من دەتوانم عەرشی پاشا ئافرەتەكەی(سەبەئت) لە یەمەنەوە بۆ بهێنم بۆ شام (بیت المقدس) پێش ئەوەی تۆ ــ ئەی سلێمان ــ لە جێگای خۆت هەڵسیت.

﴿ قَالَ عِفْرِيتٌ مِنَ الْجِنِّ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ تَقُومَ مِنْ مَقَامِكَ وَإِنِّي عَلَيْهِ لَقَوِيٌّ أَمِينٌ﴾ (النمل:٣٩).

وە دەتوانن خۆیان بهێننە سەر شكڵی مرۆڤ و، لە شێوەی پیاوچاكانی غائیب، یان مردوو خۆیان نیشان بدەن.

وە هەروەها دەتوانن بچنە ناو لاشەی مرۆڤ و دەتوانن بەخێرایی لە بۆشایی ئاسمان بێن و بچن. وە بە توانان لەسەر زۆر كاری تر كە بەهیچ شێوەیەك لەتوانای مرۆڤدا نین و جێگای سەرسوڕمانی مرۆڤن.

وە لە پاڵ ئەوەدا كە پەروەردگار ئەم توانا زۆرەی داوە بەجنۆكە، مۆڵەتیشی داون لە دونیادا لەسەر ڕێگای ڕاست دابنیشن و هەوڵی گومراكردنی مرۆڤەكان بدەن و لەڕێ لایان بدەن. شەیتان وتی:﴿ لأقعدن لهم صراطك المستقيم ﴾.

بەڵام ناتوانن ئەو بەندانەی خوا گومرا بكەن كە تەنها بەندەی پەروەردگارن و هاوار لە ئەو دەكەن و پشت بەو دەبەستن. بەڵكو دەسەڵاتیان تەنها بەسەر ئەوانەدا هەیە كە دۆستایەتیان دەكەنەو بە تەنها هاوار ناكەنە خواو، پشت بە غەیری ئەو دەبەستن و، فەرمان لە غەیری ئەو وەردەگرن. وەك لەم ئایەتانەدا دەردەكەوێت:

﴿ فاستعِذْ باللهِ من الشيطانِ الرجيم، إنّهُ ليس لهُ سلطانٌ على الذين آمنوا وعلى ربِّهم يتوكّلون، إنّما سلطانهُ على الذين يَتَولّونَهُ والذين هم به مشركون ﴾ النمل (٩٨ ــ ١٠٠).

واتە: پەنا تەنها بەخوا بگرە لەشەیتانی دەركراو لە ڕەحمەتی خوا؛ چونكە بەڕاستی شەیتان دەسەڵاتی نیە بەسەر ئەوانەی باوەڕیان هێناوە كە تەنها خوا پەرستراوو (معبود)ی حەقەو، بەكردەوەش تەنها هەر پشت بە ئەو دەبەستن و ئیعتیماد دەخەنە سەر ئەو.

بەڵام دەسەڵاتی ئەو تەنها بەسەر ئەوانەدایە، كە گوێ ڕایەڵی دەكەن و بە وەسوەسەی ئەو ئیعتیقادیان بۆ دروست بووە بەغەیری خواو هاوار دەكەنە غەیری خواو پشت بە غەیری خواش دەبەستن. وە بەو گوێ ڕایەڵی كردنەی شەیتان بوونە بەندەی شەیتان و شەیتانیان كردووە بە شەریك بۆ خوا لە گوێ ڕایەڵی كردنی.

كەواتە؛ جنۆكە شەیتانەكان بەهەموو شێوەیەك هەوڵی گومڕا كردنی مرۆڤ دەدەن. وە پەروەردگاریش جۆرێك لە توانای پێ بەخشیون كە ببنە هۆی گومڕا كردنی ئەو مرۆڤانەی شوێن قورئان ناكەون و تەنها پشت بە خوا نابەستن و هاوار دەكەنە غەیری خوا.

بەڵام ئایا بۆ پەروەردگار مۆڵەتی داون زیاتر خەڵكی گومڕا بكەن؟!. بۆچی پەروەردگار وای كردووە كە مرۆڤ تەنها هاوار بكاتە خوا ـ ناتوانێت بچێتە ناو ئاگرلە عادەتدا ـ وە ناتوانێت شوشە بخوات و شمشێر لەخۆی بدات بێ ئەوەی زەرەری لێ بدات، وە زۆر كەسی تەنها لە خوا داواكاریش هەیە بەڵام وەڵامەكەی نابینێت لەواقیعدا ؟.

بەڵام كە هاواری كردە پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) **و پیاوچاكان دەبینین هەندێك لە داواكاریەكانی دێتەجێ، وە دەشتوانێت بچێتە ناو ئاگر و، شمشێریش لەخۆی بدات بێ ئەوەی زیانی بەركەوێت ؟!**

لە وەڵامدا:

زانیمان كە شەیتانە جنۆكەكان یارمەتی ئەو كەسانە دەدەن كە هاوار دەكەنە غەیری خواو شەریكی بۆ پەیدا دەكەن لەپشت پێ بەستن و ئیعتیقاد پێ بوون.

وە پەروەردگار بۆیە مۆڵەتی شەیتانە جنۆكەكانی داوە ئەم یارمەتی‌یەی ئەو جۆرە گۆڕپەرستانە بدەن؛ بۆ ئەوەی خوای گەورە بەندەكانی بە یەكتری تاقی بكاتەوەو تەنها بۆ تاقی‌كردنەوەش دروستی كردوون.

جنۆكەكان بە مرۆڤەكان تاقی دەكاتەوە؛ ئایا خۆیان لێ دەگۆڕێت بەوە كە هەندێك لە مرۆڤەكان هاواریان دەكەنێ و بەقسەیان دەكەن، ئایا بەوە ڕازی دەبن بكرێن بەشەریكی خوا ؟!

وە هەروەها مرۆڤەكانیش بە جنۆكەكان تاقی دەكرێنەوە ئایا ئەگەر بینیان ئەو كەسانەی هاوار دەكەنە غەیری خوا هەندێك جار وەڵامیان دەدرێتەوەو داواكاریان جێ بەجێ دەبێت و دەتوانن هەندێك شتی ناعادەتی بكەن بەهۆی یارمەتی جنۆكەو شەیتانەكان؛ ئایا مرۆڤەكان كە ئەوەیان بینی باوەڕیان پێ دەكەن و لە تەنها هاوار كردنە خوا لادەدەن بۆ هاوار كردنە غەیری خواو ئیعتیقاد بوون بە غەیری خواو پشت بەستن بەغەیری خوا ؟!

ئا بەم شێوەیە پەروەردگار بەندەکانی تاقی دەکاتەوە، جا ئەوەی خوا پەرست بێت و شوێن کەوتەی قورئـان بێـت، کاتێك ئەم دیاردانە دەبینێت یەکسەر دەزانێت ئەمە تاقی کـردنەوەیـە نەك بەخشیش (**فتنةٌ ومِحنةٌ لا منْحة**)

* وە دەزانێ ئەمـە گومڕاییـیە نەك ڕێز لێنان (**ضلالة لا كرامة**)؛ چونکە کەرامـەت و بەخششی خێری خوایی بۆ ئەو کەسانەیە کە:

١. ئیمانیان بە تەنها پەرستراوێتی خوا هەیە و، هیچ یەکێکی تر بە شیاوی پەرستن نازانن و ناپیـەرستن و هاواری ناکەنێ.

٢. لە خواش دەترسێن و گوێ ڕایەڵی فەرمانەکانی دەکەن و خۆ پارێزی دەکەن لە نەهیەکانی. وە پەروەردگار ئەم دوو مەرجەی داناوە بۆ پیاوچاکێتی و خۆشەویستێتی لەلایەن خواوە (الولاية).

﴿ ألا إنّ أولياء الله لا خوفٌ عليهم ولاهم يحزنون الذين آمنوا وكانوا يتقون ﴾.

واتە: خۆشەویستانی خوا (أولياء الله) نەترسیان لەسەرە وەنە غـەمباریش دەبن. ئەوانەی کە ئیماندارن و بەتەقوان.

کەواتە کەسێك کە:

١. تەنها ئیمان و ئیعتیقادی بەخوا نەبێت بەڵکو لەگەڵ خوا ئیمان و ئیعتیقادی بەغـەیری خـواش هـەبێت کـە سودو قازانجو زەرەرو زیانی بەدەست بێت.

٢. تەقوای خوا نەکات و فەرمانەکانی جێ بەجێ نەکات کە گەورەترین فەرمانی تەنها پەرسـتنیەتی و بەتـەنها هاوار کردنە ئەوە. وە کەسێك خۆی لە نەهیەکانی خوا نەپارێزێت کە گەورەترین نـەهی لـە شـیرك و هـاوار کردنـە غـەیری خوایە. ئەو کەسەی ئەم سیفەتەی تێدا نەبێت ئەوە لـە خۆشەویسـتانی خـوا (أوليـاء الله) نیـە بـەڵکو لـە خۆشەویستانی شەیتانە (أولياء الشيطان) چونکە بە فەرمانی شەیتان هاوار دەکاتە غـەیری ڕەحمان.

وە هەروەکو خوای گەورە یارمـەتی خۆشەویسـتانی خـۆی دەدات، هـەروەها شـەیتانیش تـا ڕادەیـەك یارمـەتی دۆستانی خۆی دەدات؛ بەجێ بەجێ کردنی داواکاریەکانیان و خەبەر پێدانی هەندێك شتی نادیارو، بۆ ئاسان کردنی هەندێك کاری لە عادەت بەدەر بۆ ئـەوەی زیـاتر گـومڕایان بکات و دڵیان خۆش بکات بەڕێبازەکەیان و وابزانن کە لەسەر ڕێی ڕاستن و هیدایەت دراون !!. وە بۆ ئەوەی خەڵکی وابزانن کـە بـەهۆی هـاوار کردنـە پیاوچـاکەکە ئـەم ئیشەیان بۆ ئاسان بووەو، جەنابی شێخ وەڵامی داونەتەوەو یارمەتی داون.

وە زانیمان پەروەردگار مۆڵەتی داوەتە شەیتان کە دەور ببینێت بۆ ئەوەی بـەنـدەکانی تاقـی بکاتەوە، وە زۆر جار پەروەردگار بە زۆرشـت بەنـدەکانی تـاقی دەکاتـەوە بۆئـەوەی دەرکـەوێت کـێ لەسـەر حـەق دەمێنێتـەوە و کـێش هەڵدەخەڵەتێ. بۆ نمونەش چەند ئایەتێك دەهێنینەوە:

نمونەی یەکەم:

١. [واسألهم عن القرية التي كانت حاضرة البحر إذ يعدون في السبت إذ تأتيهم حيتانهم يوم سبتهم شُرَّعاً ويوم لايسبتون لاتأتيهم كذلك نبلوهم بما كانوا يفسقون﴾ ١٦٣ الأعراف.

واتە: ئەى ـ **محمد** ـ پرسيار بكە لە جولەكەكان لە خەبەرى ئەو گوندەى كە لە نزيك دەرياى سوور بوو، چۆن بێ فەرمانى خوايان كرد لە ڕۆژانى شەممەدا كە خوا قەدەغەى كردبوو ڕاوى تێدا بكەن، كاتێك كە خواى گەورە تاقيكردنەوە بەوەى كە ماسيەكان لەو ڕۆژەدا زۆر دەبوون و دەهاتنە قەراغى دەريا. بەڵام كە شەممە دەڕۆيشت و، ڕاويان بۆ حەڵاڵ دەبوو؛ هيچ ماسى نەدەهات، بەم شێوەيە پەروەردگار تاقى كردنەوە بۆ ئەوەى دەركەوێت؛ ئايا سنورى خوا دەبەزێنن و، لەو ڕۆژە قەدەغەكراوەدا ڕاوى ماسى دەكەن، يان پابەند دەبن بەسنورى خواو، لەتاقى كردنەوەكە سەركەوتوو دەبن. بەڵام سەركەوتوو نەبون، بەهۆى دەرچوونيان لە فەرمانى خوا، كە فێڵيان دەكرد لەڕۆژى شەممەدا وە ڕاستەوخۆ ڕاويان نەدەكرد، بەڵكو دەچوون چاڵيان لێدەدا لە جومعەدا بە شێوەيەكى وا كە ماسيەكان بە شەپۆلەكان بكەونە ناو چاڵەكانەوەو نەتوانن بگەڕێنەوە ناو دەرياوە. وە ڕۆژى يەك شەممەش دەهاتن دەيان گرتن و، دەشيان وت ئێمە ڕۆژى شەممە ڕاومان نەكردووە !!.

كەواتە بۆمان دەركەوت كە پەروەردگار بەوە خەڵكى گوندەكەى تاقى كردەوە كە ئەو شتەى لێى قەدەغە كردبوون بۆشى ئاسان دەكردن و دەيخستە بەردەستيان لە شەمماندا، بۆ ئەوەى دەركەوێت ئايا گوێڕايەڵى خوا دەكەن، يان بە واقيعەكە دەخەڵەتێن؟!.

بە هەمان شێوەش پەروەردگار حەرامى كردووە هاوار بكرێتە غەيرى خۆى، بەڵام بەندەكانيشى بەوە تاقى دەكاتەوە، كە هەندێك لەوانەى هاواريان كردۆتە پياوچاكان لەناو گۆڕەكانيادا داواكاريەكەيان جێبەجێ بووە !!.

جا دڵ نەخۆشە نەفامەكان بەمە خەڵەتاون و باوەڕيان بەمە كردووە، هەرچەندە خواش حەرامى كردووە، بەڵام شەيتان بۆى ڕازاندونەوە بەناوى واسيتەو شەفاعەت بۆ كردن لاى خوا !. هەروەكو خەڵكى گوندەكە(أصحاب السبت) لە جومعە خەندەقيان لێدەداو، لە يەك شەممەدا هەڵيان دەگرتەوە، وە بەم فێڵە وايان دەزانى كە بێ فەرمانى خوايان نەكردووەو خۆيان بەتاوانبار دانەدەنا !.

٦ـ نمونەيەكى تر لەسەر تاقى كردنەوەى خوايى:

(پەروەدگار ماڵێكى زۆرى بەخشيوە بەكافران، وە لەزۆر ناڕەحەتيش ڕزگاريان دەكات نەك لەبەرئەوەى خۆشى دەوێن، بەڵكو بۆئەوەى ئەوانيش و بڕوادارانيشى پێ تاقى بكاتەوە. چونكە نەفامى وا هەيە وا گومان دەبات كە خوا خۆشى دەوێن و لێيان ڕازىيە بۆيە ئەوانى لەش ساغ و دەوڵەمەند كردووە.

هەروەك پەروەردگار بە پێغەمبەرەكەى دەفەرموێت: ﴿ ولا تمدنَّ عينيكَ إلى ما متّعنا به أزواجاً منهم زهرةَ الحياة الدنيا **لنفتنهم فيه**، ورزقُ ربّك خيرٌ وأبقى﴾ طه (١٣١).

واتە سەیری ئەو نازو خۆشی‌یە مەكە، كە بە موشریكەكانم بەخشیوە؛ چونكە ئەم ڕابواردنەیان تەنها جوانی دونیایە پێمان بەخشیون، بۆئەوەی تاقیان بكەینەوە.

كەواتە بەهەمان شێوەش كە گۆڕپەرستان داواكاریەكانیان لە شێخی مردوو دێنەجێ، وا دەزانن ئەوە نیشانەی شەرعیەت و دروستێتی ئیشەكەیانە. وە وا گومان دەبەن كە شێخ وەڵامی داونەتەوەو، كەرامەتە، بەڵام لەڕاستیدا كەرامەت نی‌یە، بەڵكو تاقی كردنەوەی خوایی‌یەو، زیاتر پێی گومڕا دەبن. وەك پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ أيحسبون أنّما نُمدُّهم به من مالٍ وبنين، نسارعُ لهم من الخيرات؟ بل لايشعرون﴾ :(٥٦،٥٥).

واتە: ئایا موشریكەكان وا حیساب دەكەن، كە ئەم ماڵ و منداڵەی پێیان دەدەین، وە ئەو خێرو خۆشیەی توشیان دەكەین، بەخشین و چاكەیان لەگەڵ دەكەین ؟.

نەخێر نیعمەت نی‌یەو نیقمەتە، ڕەحمەت نیەو غەزەبە. وەكەرامەت نی‌یەو گومڕایی‌یە، بەڵام هەستی پێ ناكەن.

٣ـ نموونەیەكی تر لەسەر تاقی كردنەوەی خوایی:

خوای پەروەردگار حەرامی كردووە لەكاتی حەج و عومرە، كە موسڵمان لە ئیحرام دابێت و دوو پارچە قوماشە سپیەكەی لەبەردایەو خەریكی بەجێ گەیاندنی كارەكانی حەج و عومرەیە ـ حەرامی كردووە لەو حاڵەتەدا ڕاو بكات. بەڵام **پەروەردگار ویستی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ تاقی بكاتەوە بەو شتەی كە لێی حەرام كردوون**. حەرام كراوەكەش ئەوەبوو كە لە كاتی ئیحرام بەستندا نێچیری وشكانی و ئاسمانی دەهاتە بەر دەستیان و نزیك تیرەكانیان، بەشێوەیەكی وا كە بەدەست دەیانتوانی نێچیری وشكانی بگرن و، بەئاسانیش بە تیرەكانیان نێچیری باڵندەیان دەپێكا؛ بەڵام هاوەڵانی ﷺ دانیان دەگرت بە نەفسی خۆیانداو نزیك نەدەبوونەوە لەو حەرام كراوە، چونكە دەیانزانی كە ئەمە **تاقی كردنەوەیە نەك بەخشین**: (فتنةٌ ومِحْنة لا مِنْحة).

وەك پەروەردگار ئەم تاقیكردنەوەیەمان بۆ باس دەكات:

﴿ ياأيها الذين أمنوا لَيَبْلُوَنّكم اللهُ بشيءٍ من الصيد تناله أيديكم ورماحكم **ليعلمَ اللهُ مَنْ يخافُهُ بالغيب**، فمن اعتدى بعد ذلك فلهُ عذابٌ أليم ﴾ المائدة ٩٤ .

واتە: ئەی بڕوادان پەروەردگار تاقیتان دەكاتەوە بەشتێك لە نێچیر كە دەست و تیرەكانتان دەیگاتێ، بۆ ئەوەش وا لێی نزیك كردونەوەو ئاسانی كردووە تا دەركەوێت كێ لەخوا ترسەو بێ فەرمانی ناكات. وە هەركەسێك دەست درێژی بكات و بە فەرمانی خوا نەكات ئەوا سزایەكی بە ئازاری بۆ هەیە.

كەواتە ئەی موسڵمانی تێگەیشتوو:

چاك لات ڕوون بۆوە، كە خوای گەورە حەرامی كردووە هاوار كردنە مردووان و پیاوچاكان و غەیری خۆی، بەڵام ئەو شتەش كە لێی حەرام كردوویت، هەر بەوەش تاقیت دەكاتەوە، كە هەندێك كەس ئەو حەرامەیان كردووەو

هاواریان کردۆتە قەبرێك و داواکاریەکەشیان جێ بەجێ بووە، بۆ ئەوەی دەرکەوێت کە ئایا پابەند دەبیت بە فەرمانی خواو خۆت دەپارێزی لە حەرامەکان، یان گوێ نادەیتە فەرمانی خواو بەو دیاردە سەیرە دەخەڵتێیت !!.

٤. نمونەیەکی تر لەم جۆرە تاقی کردنەوانە:

﴿ وما أرسلنا من قبلك من رسول ولا نبيٍّ إلاّ إذا تمنّى ألقى الشيطان في أُمْنِيَّته فينسخ الله ما يلقي الشيطان ثمّ يحكمُ الله آياته والله عليم حكيم، **ليجعل ما يُلقي الشيطانُ فتنةً للذين في قلوبهم مرضٌ** والقاسية قلوبهم وإنّ الظالمين لفي شقاق بعيد، **وليعلمَ الذين أُوتوا العلمَ أنَّهُ الحَقُّ من ربِّك فيومنوا به فتخبت له قلوبهم**. وإنّ الله لهاد الذين آمنوا إلى صراط مستقيم﴾ الحج (٥٢-٥٤)

واتە: پەروەردگار باسی حیکمەت و کار لەجێیی خۆیمان بۆ دەکات کە چۆن بەهۆی تاقی کردنەوەیەکی کەم، کە مۆڵەتی بەشەیتان دا دەوری گومرا کردن ببینێت و خەڵکی بەم تاقی کردنەوەیە دەرکەوتن و ڕاست و ناڕاست لێك جیابوونەوە.

پەروەردگار خەبەرمان دەداتێ کە هیچ پێغەمبەرێکی نەناردووە پێش محمد ﷺ، ئیللا کاتێك کە دەستی کردووە بە خوێندنەوەی پەیامی خوایی بۆ خەڵکی، لەکاتی بانگ کردنیان و ئامۆژگاری کردنیان، شەیتانیش لەوکاتەدا:(ألقى الشيطان في أُمْنِيَّته)، گۆڕانکاری و قسەی خۆی دەخستە ناو خوێندنەوەکەی پێغەمبەرەکە، کە پێچەوانەی وتەو بانگەوازی پێغەمبەرانە(عليهم الصلاة والسلام). بەڵام ئەم تێکەڵ کردن و لێ تێکدانە بەردەوام نەدەمایەوە؛ چونکە پەروەردگار پێغەمبەرانی(عليهم الصلاة والسلام) پاراستووە لەوەدا کەلەخواوە دەیگەیەنن بەخەڵکی. کەواتە لێ تێکدانەکە کاتی بوو، بۆ تاقی کردنەوە، بۆیە پەروەردگار یەکسەر وەسوەسەو شوبهەو قسەکانی شەیتانی ڕەش دەکردەوەو، هەڵی دەوەشاندەوەو، دەری دەخست کە ئەوە لەگەڵ ئەو ئایەتانەی خوا نیە کە پێغەمبەرەکە خوێندویەتیەوە. وە ئایەتەکانی خۆی بە پاکی و تەنهایی و تەواوی و ئاشکرایی دەهێشتەوە، دوور لەوەحی شەیتان. وە پەروەردگار بە توانایە لەسەر ئەم لێك جیاکردنەوەیەو، هێشتنەوەی حەق و، پوچاندنەوەی ناحەق. وە حەکیم و کارلەجێیە، وە لەبەر حیکمەتێك مۆڵەتی شەیتانی دا کە بتوانێت وەسوەسەو شوبهەی خۆی تێکەڵ بە خوێندراوەکەی پێغەمبەرەکە بکات. ئەو حیکمەتەش بریتی بوو لە تاقی کردنەوەی خەڵکەکە، بەشێوەکی وا کە دەرکەوت شوبهەو وەسوەسەکانی شەیتان بوون بە گومراکەری دڵ نەخۆشان، ئەوانەی کە ئیمانێکی دامەزراویان نیەو بچوکترین شوبهە کاریان تێ دەکات و گومرایان دەکات. وە هەروەها شوبهەکانی شەیتان بوون بە تەواو گومراکەری دڵ ڕەقەکانیش، ئەوانەی کە هیچ پەندو ئامۆژگاری و هەڕەشەیەك کاریان تێ ناکات و سود لە حەق وەرناگرن، جا دڵ نەخۆشەکان زیاتر تووشی وەسوەسە بوون بەم کارەی شەیتان، وە دڵ ڕەقەکانیش شوبهەی شەیتانیان کرد بە بەڵگە بۆ ناڕەوایەتی خۆیان، وە بەوە موجادەلەو مل ملانێیان لەگەڵ حەق دەکرد. وە زاڵمان لە عینادی و سەرکەشیەکی دوور لە ڕاستی دان.

جا بە هۆی ئەم تاقی كردنەوەیە، شاراوەی ناو دڵی دڵ نەخۆش و دڵ ڕەقان دەركەوت. بەڵام زانایان؛ ئەوانەی كە عیلمی شەریعەتیان وەرگرتبوو، بەم تاقی كردنەوەیە تێك نەدەچوون، بەڵكو بەهۆی عیلمەكەیان حەق و ناحەقیان لەیەك جیا دەكردەوەو زانیان كە حەق جێگیرو بەردەوامەو ناحەقیش كاتی و بڕاوەیە.

كەواتە ئەم تاقی كردنەوەیە بۆ ئەوەش بوو كە زانایان حەق و ناحەق لێك بكەنەوەو بشزانن كە ئەم قورئانە حەقەو لەلایەن پەروەردگارەوەیە، وە زیاتر ئیمانی پێ بهێنن كە شەیتان دەسەڵاتی بەسەردا نیە. وە زیاتر مل كەچ و تەسلیم بن بۆ حەق.

-+--+-*-+-*-+-*-+-*-+-*-+-*

كەواتە لەم نمونانە دەركەوت كە

پەروەردگار زۆر حەكیم و داناو زاناو كارلەجێیە، وە بەندەكانی بە جۆرەها شێوە تاقی دەكاتەوە، بۆ ئەوەی بەندەی ڕاستەقینەی باوەڕ دامەزراو، جیا بێتەوە لە بەندەی باوەڕ لاوازو دڵ نەخۆش و بێ ئاگاو نەفام.

كەواتە وەڵام دانەوەی دوعای گۆڕپەرستانیش لەم بابەتەیەو لەم جۆرەیەو هیچ كەرامەتێكی تێدا نیەو جێگای سەرسوڕمانیش نیە بەلای زاناو تێگەیشتوان لە قورئان و سوننەت. وە تاوەكو زیاتر گۆڕپەرستان وەڵامیان بدرێتەوەو، زیاتر خۆبخەنە ناو ئاگرو زیاتر شمشێر بەخۆیاندا بكەن؛ زیاتر لای ئەهلی سوننەت دەردەكەوێت كە ئەمە گومڕابوونەو لەدین دەرچوونە.

بەڵام دڵ نەخۆش و بێ ئاگایان لە قورئان و سوننەت، زۆر بەزوویی تەسلیمی ئەم دیاردانە دەبن و باوەڕیان پێدەكەن و بەكەرامەتی دادەنێن، بەداخەوە!!

وە هەروەها بۆمان دەركەوت كە زۆرجار پەروەردگار بەهۆی وەسیلەیەكی حەرامەوە نەتیجەیەكت نیشان دەدات، بۆ ئەوەی تاقیت بكاتەوە؛ جا ئەهلی عیلم بە قورئان و سوننەت دەزانن كە وەسیلەی حەرام نابێت بگریتە دەست، ئەگەر واش دەركەوێت بتگەیەنێت بە ئامانج؛ چونكە هەرشتێك بە ڕێگایەكی حەرام وەدەست بكەوێت حەرامەو، ئەوەش كە لەسەر بناغەیەكی ناڕێك دروست بكرێت، هەر ناڕێك دەبێت (وما بُنِيَ على الفاسد فاسدٌ)، وە دەشزانن كە ئەم ئامانجە ڕاست نیەو حەق نیە.وە بەردەوام و جێگیرو ئاخیر خێر نابێت. وە جگە لەوەش بەڵكو زەرەرو زیانی زۆر زیاتر دەبێت لە سوودو قازانجی.

بۆ نمونە: ئەو موسڵمانەساویلكەیەی كە شەیتان فێڵی لێ دەكات و دەیبات بەرەو قەبری پیاوچاكێك و، هاواری پێ دەكاتە خاوەن گۆڕ، وە دواییش شەیتان بۆ خۆی بەناوی خاوەن گۆڕ شێوە وەڵامێكی دەداتەوە.. لێرەدا ئەو موسڵمانە نەفامە قازانجی نەكرد، با داواكاریەكەیشی تا ڕادەیەك دەست كەوتبێت؛ چونكە زۆربەی كات داواكاریەكەی شتێكی دونیاییە كەبێ كەڵكە لە بەرامبەر بەهەشتی خوا. بەڵام زەرەرێكی زۆر زۆر گەورە دەكات، كە ئیمانەكەی لەدەست دەداو، بەو هاوار كردنەی بۆ غەیری خوا تووشی شیرك دەبێت. وە ئەگەر تۆبە نەكات، ئەوە بۆ

ناو دۆزەخی نەبڕاوەیە بەبەردەوامی- مەگەر خوا بەڕەحمی خۆی بەزەیی بەنەزانێتی ئەو كەسەدا بێتەوە كە بەتەواوی حەقیقەتی بۆ ڕوون نەكراوەتەوە.

كەواتە: لەم ڕوون كردنەوەی ڕابردوو چەند ڕاستیەكمان بۆ دەركەوت:

١. بۆمان دەركەوت كە پەروەردگار دونیای بۆ تاقیكردنەوە دروست كردووەو، بە جۆرەها شێوەش بەندەكان تاقی دەكاتەوە.

٢. وە مۆڵەت و توانایەكی دیاری كراوی داوە بە شەیتانەكان، بۆ ئەوەی موسڵمانانیان پێ تاقی بكاتەوە.

٣. وە زانیمان كە شەیتانەكان لەو سنورەی پەروەردگار پێی بەخشیون لە تواناو دەسەڵات هەوڵ دەدەن بەندەكان گومڕا بكەن؛ بەوەی كە ناحەقیان بۆ برازێننەوەو لەبەرگی حەقدا نیشانیان بدەن و، یارمەتیان بدەن بۆ دەست كەوتنی چەند داواكاریەكی كەم و بێ نرخ، یان بۆ ئەوەی زیاتر باوەڕیان پێ بكەن و، ڕێگای گومڕاییان لا خۆشەویست بكەن.

* پرسیار: ئایا شەیتانەكان وەڵامی داواكاری ئەو گۆڕپەرستانە دەدەنەوە كە هاوار دەكەنە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و پیاوچاكان ؟.

وەڵام: بێگومان هیچ كەسێك ناتوانێت هیچ خەیرو چاكەیەك بۆ كەس بهێنێت و هیچ شەڕو زەرەرێكی لەسەر لابدات تەنها خوا نەبێت. وەك پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ وإن يمسسك الله بضر فلا كاشف له إلا هو، وإن يردك بخير فلا راد لفضله ﴾ یونس(١٠٧).

واتە ئەگەر خوا ناڕەحەتی و زیان و ناخۆشیەكت تووش بكات ئەوا لابەری نیە تەنها (الله) نەبێت!. وە ئەگەر خێرێكی بۆت بوێت ئەوا ڕەت كەرەوەی نیە.

كەواتە هێنانی خێرو لادانی شەڕ تەنها لای خوای گەورەیەو، غەیری ئەو هیچ سوودو زیانێكی بەدەست نیە. وەك پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ولا تدع من دون الله ما لا ينفعك ولا يضرك فإن فعلت فإنك إذاً من الظالمين ﴾یونس(١٠٦)

واتە: لەغەیری خوا هاوار مەكە هیچ یەكێكی تر كە نە سودت پێدەگەیەنێت و نە زیان.

كەواتە: مرۆڤ هەر داواكاریەكی بۆ جێ بەجێ بێت؛ لە دەست كەوتنی خۆشی و لاچوونی ناخۆشی، تەنها لە خواوەیە، چونكە بەبێ ویستی خوا نەخۆشیت توش دەبێت، وە نە ناخۆشیت لەسەر لادەچێت. وە هیچ كەسێك ناتوانێت وەڵامی داواكاریت بداتەوە بەبێ ئیزن و ویستی خوا.

* بەڵام مەرج نیە پەروەردگار ڕاستەوخۆ خۆی وەڵامت بداتەوەو داواكاریەكەت بۆ بهێنێتەدی.

* هەروەها مەرجیش نیە کە وەڵامی داواکاری دایتەوە، پێی ڕازی بێت و، لەخۆش ویستن و ڕازی بوونەوە وەڵامی دابیتەوەو، داواکاریەکەی جێ بەجێ کردبیت. وەئەم دوو مەرج نەبوونەش پێویستیان بە ڕوون کردنەوە هەیە بەم شێوەیە ـ إن شاء الله ـ:

وتمان: مەرج نیە پەروەردگار خۆی ڕاستەوخۆ وەڵامت بداتەوە، چونکە:

داخوازی و داواکاریەکان دوو جۆرن:

جۆری یەکەم:

ئەو داخوازی و داواکاریانەی کە هیچ کەسێك ڕاستەوخۆ لە توانایدا نیە جێ بەجێیان بکات، تەنها پەروەردگار نەبێت

وەك داوای ژیان و منداڵ بوون و دەوڵەمەند بوون و شیفای نەخۆش ناردن و صالح بوون و باران بارین و... وێنەی ئەمانەش کە تەنها پەروەردگار خۆی دەتوانێت جێ بەجێیان بکات.

وە هیچ پێغەمبەرێك و پیاوچاکێك و فریشتەیەك توانای جێ بەجێ کردنی ئەم داوا کاریانەی نیە، وە هەروەها هیچ جنۆکەو شەیتانێکیش ناتوانێت هیچ کام لەمانەی پێشوو بکات.

بەڵام ـ لەوانەیە بگوترێت: **کەوابوو بۆچی نەخۆش و شێت براونەتە لای گۆڕی فلان پیاوچاکەو هاوار کراوەتە پیاوچاکەکە بۆ شیفا ناردن یان بۆ پاڕانەوە لە خوا. دوای ئەوە یەکسەر نەخۆشەکە چاك بۆتەوەو شێتەکە هاتۆتەوە هۆش خۆی. وە فلانە ژنە منداڵی نەدەبوو منداڵی بوو دوای گەڕانەوەی لەسەر گۆڕی فلان وەلی (پیاوچاك)** ؟.

لە وەڵامدا دەڵێین: زۆربەی ئەو قسانە تەنها پڕوپاگەندەو ئیددیعای درۆیەو، دورە لە واقیع. وە کەسانێك ئەم پڕوپاگەندانە دەکەن کە:

١. تێ نەگەیشتوون و بە هەموو سەرابێك دەڵێن ئاو. وە هەموو تاقیکردنەوەو فیتنەیەك بە بەخشش و ڕێزلێنان و کەرامەت دادەنێن!.

٢. یاخود ئەو کەسانەن کە بەرژەوەندیان لەوەدایە خەڵکی ڕوو لەو قەبرانە بکەن بۆ ئەوەی داهاتێکیان دەست کەوێت؛ وەك ئەو حەرام خۆرانەی دەورەی ئەو قەبرانەی خەڵکی ڕوویان تێ دەکەن، کە شەوو ڕۆژ ئەو گۆڕپەرستانە دەوری قەبرەکە بەرنادەن و بوون بە دەرگەوان و خزمەتکاری قەبرەکە. وە خەڵکی فێر دەکەن چۆن هاوارکەنە شێخ لەگۆڕەکەیداو، چۆن بەدەوریدا بسوڕێنەوەو تەواف بکەن و، چۆن پاشەو پاش بگەڕێنەوە دواوە بۆ دەرگای دەرەوە !!.

جا ئەم تاغوتانە بەرژەوەندیان لەوەدایە خەڵکی ڕوو بکەنە سەر ئەو قەبرەو، پارەو نەزرو قوربانی بۆ بکەن، بۆ ئەوەی دوایی خۆیان بیخۆن، یان بەهۆی خاوە گۆڕەکەوە پارەیەکیش بدرێت بەمان؛ چونکە خزمەتکارو دەرگەوان و قورئان خوێن و فێرکەری سەر گۆڕی پیاوچاکەکەن !!.

ئەم تاغوتانە درۆی گەورە گەورە بۆ خاوەن قەبرەکەیان دەکەن بۆ ئەوەی خەڵکی زیاتر ڕووی تێ بکەن. وە بە خەڵکە سەر لێ شێواوەکان دەڵێن: ئەم شێخەی کە لەم قەبرەدایەو ئێوە هاتوونەتە زیارەتی، کەرامەتی زۆری هەیە، وە چەندان شێت و نەخۆشی چاك کردۆتەوە، وە چەندان ئافرەت منداڵیان نەدەبوو دوای زیارەت منداڵیان بووە، وە چەندان درۆی تریش دەکەن بۆ ڕەواج دان بە پەرستگاکەیان کە لە کۆمپانیا داهاتی زیاترە بۆ ئەوان!!.

جا خوشك و برای بەڕێز: زۆربەی ئەم دەنگ و باسە درۆیانە، ئەم درۆزنە حەرام خۆرانە دروستی دەکەن و خەڵکی سادەو نا تێگەیشتووش بڵاوی دەکەنەوە.

٣. وە هەروەها دەستەی سێهەمیش هەیە کە دەوری زۆریان هەیە لە بڵاوکردنەوەی ئەم درۆیانە، کە بریتین لە دوژمنانی دین؛ لە جولەکەو گاورو مونافیقان؛ کە هەرچەندە خۆیان باوەڕیان بەم شتە خورافیەتانە نیە بەڵام بۆ ئەوەی موسڵمانان بکەن بە موشریك و لە تەنها خوا پەرستی لایان بدەن، ئەوە ئەم ئیددیعایانە بڵاودەکەنەوەو دەڵێن:

شێخ فلان تایبەتە بۆ عیلاجی نەخۆشی باداری.

وە قەبری شێخ فلان تایبەتە بە نەخۆشی پشت ئێشان،

وە شێخ فلان شێت چاك دەکاتەوە،

بەم شێوەیە قەبری ئەم شێخانەیان کردوون بە (عیاداتی تَخَصُّصي) واتە هەر قەبرەی بۆردو دکتۆرای لە جۆرە نەخۆشیەك هێناوەتەوە.

وە هەندێکیشیان دکتۆری گشتین (طبیب عام) واتە بۆ هەموو جۆرە نەخۆشیەك خەڵکی ڕوویان تێدەکەن !!.

بەم شێوەیە دوژمنانی دین، موسڵمانانی ناتێگەیشتوو، بێ عەقڵ دەکەن و، بەم خورافەت و دواکەوتوویییە بەنجیان دەکەن، لە دواییشدا گاڵتەیان پێ دەکەن[1].

سبحان الله، شێخ پێش مردنی کە نەخۆش دەبوو نەیدەتوانی شیفا بۆ خۆی بهێنێت لە بچوکترین نەخۆشی، کەچی دوای مردنی ماجستێرو دکتۆرای وەرگرتووە لەناو قەبردا لە چارەسەرکردنی نەخۆشی خەڵك !.

---

(1) ويقصد شياطين الجن شياطين الإنس من سدنة القبور وغيرهم فيقولون: إن الولي فعل وفعل، يرغبونهم فيه، ويحذّرونهم منــه، وترى العامّة ملوك الأقطار و ولاة الأمصار معززين لذلك، ويولون العمّال لقبض النذور، وقد يتولّها مَنْ يحسنون فيه الظنّ من عالم أو قاضٍ أو مفتٍ أو شيخٍ فيتم التدليس للإبليس وتقرّ عينه بهذا التلبيس !).

(تطهير الاعتقاد عن أدران الإلحاد).

موسڵمانی تێگەیشتوو ـ وتمان زۆربەی ئەم دەنگ و باسانە درۆن و هەڵبەستراون لەلایەن چەندان لایەنەوە، وە بۆ چەندان مەبەست. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئینکاری ئەوە ناکەین کە جاری وا بووە نەخۆش لای قەبرەکە چاک بۆتەوەو، شێت هاتۆتەوە سەر خۆی و، ژن منداڵی بووە. بەڵام !!

ئایا شێخ ئەمانەی کرد؟!. ئایا بەهۆی هاوار کردنی مردووەکە ئەمانە هاتنەدی؟!.

نەخێر، وتمان ئەم کارانە تەنها خوای گەورە جێ بەجێیان دەکات" وە کەس ئەمانەی لەتوانادا نیە، بەڵام بە قەزاو قەدەری خوا لەو شوێنە شیفای بۆ هاتووە، واتە وا ڕێک کەوتووە ـ إتّفاقاً ـ بە ویستی خوا، کە لەم شوێنە فڵان نەخۆشە چاک ببێتەوە، لەبەر حیکمەتێکی خوایی، بۆ تاقی کردنەوەی خەڵکی" ئایا خەڵکی دوای ئەم دیاردەیە گومرا دەبن و ئیعتیقادیان دەچێتە سەر قەبرەکە ؟ یان تێ‌دەگەن و بە تاقی کردنەوەی خوایی دەزانن ؟!.

أ. جا ئەوانەی کە تێگەیشتوون و شوێن کەوتەی قورئان و سوننەتن، زیاتر ئیمانیان بەخوا پەیدا دەبێت و، دەزانن کە ئەمە تاقی کردنەوەیەکی خواییە. ئەو شیفایەش کە لای قەبرەکە (عند القبر) بۆ نەخۆشەکە هاتووە؛ ئەوە هەر لەلایەن خواوەیە، نەك لەلایەن شێخەوە. وە دەڵێن ئەوە بە ئیرادەی خوا، شیفای هاتبوو لای قەبرەکە (عِنْدَ الشیخ)، نەك شیفای هاتبێت بەهۆی شێخ (بالشیخ)!.

ب. بەڵام ئەوانەی کە ناتێگەیشتوون و، بەڕواڵەت دەخەڵەتێن، دەڵێن ئەوە شێخ وەڵامی داوەتەوەو شیفای بۆ ناردووە، یان بۆی لە خوا پاڕاوەتەوەو شیفای بۆ وەرگرتووە لەخوا!. وە **زیاتر بەم دیاردەیە گومراتر دەبن و ئیعتیقادیان بەخوا لاواز دەبێت و بەشێخ پتەو دەبێت**. واتە وایان لێ دێت کە هاوار کردنە خوا، لایان بێ سوودەو ئیعتیقادی ئەوەیان بۆ دروست دەبێت کە هاوار کردنە خواو داوای شیفا لێ کردنی لە ماڵی خۆیانەوە، هیچ دەوری نیەو شیفا نایەت. بەڵام هاوارکردنە شێخ و، هاتنە سەر گۆڕەکەی و پاڕانەوە لێی، ئەوەیان بەسوودە !. وە لەوەش زیاتر هەر لە دووری چەندان قارەوە هاوار بکەنە شێخ عبدالقادرالگیلانی و بڵێن: یا حەزرەتی غەوس هاوار!. ئەوەیان بەلاوە چاکترەو، وەڵامدانەوەی شێخ بەلایانەوە نزیکترو فەوری ترو ئەکید ترە لە خوایەك کە لە شاڕەگی ملمان نزیکترە، بەبیستن و ئاگالێ بوون.

سبحان الله، بەم تاقی کردنەوەیە زۆر کەسی نەفام و دوور لە قورئان و سوننەت گومرا دەبن!. بەهۆی گوێ نەگرتنیان لە قورئان و سوننەت و نەگەڕانەوەیان بۆلای زانایانی ئەهلی سوننەت !!

بەڵام ئایا ئەم نەخۆشانەی کە خوا شیفای بۆ ناردوون لای قەبر زۆرن یان دەگمەنن ؟!.

بێگومان زۆر بە دەگمەن پەروەردگار وای كردووە، ئەمەش ڕەحمی خوایە؛ چونكە ئەگەر هەموو، یان زۆربەی نەخۆشەكان لە لای قەبرەكان شیفایان بۆ هاتبا؛ ئەوا زۆربەی خەڵكی خوێندەواریش گومڕا دەبوون و باوەڕیان پێ دەكردن، وە تەنها ئەهلی تەوحیدو سوننەت دەمانەوە، جا سوپاس بۆ خوا حاڵەتی وەها كەمەو زۆر نیە (١).

كەواتە پوختەی ئەم جۆرە داواكاریانە ئەوە بوو كە پەروەردگار خۆی بە تەنها لە توانایدا هەیە ئەم جۆرە داواكاریانە جێ بەجێ بكات، وە هەر ئەو خۆشی دەهێنێت و ناخۆشیش هەر خۆی لای دەبات، جا بە تەنها داوای لە خوا كردبێت یان بە شەراكەت:

چونكە: (أ) جاری وا هەیە زۆر زۆر بە دڵ شكاوی و دڵ گەرمی و ئیخلاسەوە لای گۆڕەكە داوا لە خوا دەكەن بە تەنها. بۆیە پەروەردگار وەڵامیان دەداتەوە ئەگەر لە بنەڕەتدا موشریك و كافریش بن، هەروەك چۆن پەروەردگار وەڵامی موشریكەكانیشی دەدایەوە :

﴿وإذا مسّكم الضرُّ في البحر ضلّ مَنْ تدعون إلا إيّاهُ فلمّا نجّاكم إلى البرّ أعرضتم وكان الإنسان كفوراً﴾ الإسراء - ٦٧ -

واتە: ئەگەر ناڕەحەتی و تەنگانەتان تووش بووبایە لەناو دەریادا، ئەوا لەو تەنگانەیەدا هاوارتان نەدەكردە پەرستراوە (آلهـة)كانتان، بەڵكو تەنها هاوارتان دەكردە خوا. وە كە پەروەردگاریش وەڵامی دەدانەوەو، ئەهاتنەوە وشكانی، پشتتان هەڵدەكردەوە لەخوا، وە دەگەڕانەوە سەر هاواركردنە غەیری خوا !!.

وە لە ئایەتێكی تردا دەفەرموێت:

[وَإِذَا غَشِيَهُمْ مَوْجٌ كَالظُّلَلِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ فَمِنْهُمْ مُقْتَصِدٌ وَمَا يَجْحَدُ بِآيَاتِنَا إِلَّا كُلُّ خَتَّارٍ كَفُورٍ] (لقمان:٣٢)

واتە: ئەگەر موشریكەكان سواری كەشتی و بەلەم بونایە لە دەریادا، وە شەپۆلی وەك كێو گەورەو، وەك هەور بەرز دەوری دابان؛ ئەوە هاواریان دەكردە خوا زۆر بە ئیخلاسی، وە هاواریان نەدەكردە كەسی تر. وە كاتێكیش خوای گەورە نەجاتی دەدان بۆ وشكانی ئەو كاتە كەمتەرخەم دەبوون لە سوپاس كردنی خوا و، ئەم چاكەیەیان بە هی پەروەردگار

---

(١) وە شێخ الإسلام ابن تیمیە ـ رحمه الله ـ دەفەرموێت:

(ومن رحمة الله تعالى: أنّ الدعاء المتضمن شركاً، كدعاء غيره أن يفعل، أو دعاءِه أن يدعو الله، ونحو ذلك: لا يحصل به غرضُ صاحبه. ولا يورثُ حصول الغرض شبهةً إلا في الأمور الحقيرة. فأمّا الأمور العظيمة: كإنزال الغيث عند القحوط، وكشف العذاب النازل فلا ينفع فيه هذا الشرك كما قال تعالى:

[قل ادعوا الذين زعمتم من دونه فلا يملكون كشف الضرِّ عنكم ولا تحويلاً].الإسراء:٥٦.

[أم مَنْ يجيب المضطر إذا دعاه ويشكف السوء ويجعلكم خلفاء الأرض أءلهٌ مع الله؟]النمل:٦٢.

فكون هذه المطالب العظيمة لا يستجيب فيها إلا هو سبحانه؛ دلّ على توحيدِه وقطع شبهة مَنْ أشرك به. وعُلِمَ بذلك أنَّ ما دون هذا أيضاً من الإجابات إنّما حصوله منه وحده لا شريك له، وإن كانت تجرى بأسباب محرمة أو مباحة... فخالق السببِ التام خالق للمسبب لا محالة) اقتضاء الصراط المستقيم، ص (٣٥٦).

نەدەزانی و ئینكاریان دەكرد. وە كەسیش ئینكاری دەسەڵات و تواناو فریاگوزاری و نیشانەكانی خوا ناكات ئەگەر غەددارێكی سپڵە نەبێت.

وە لە ئایەتێكی تردا دەفەرموێت:

﴿ أمّن يجيبُ المضطرّ إذا دعاهُ ويكشفُ السوء ويجعلكم خلفاء الأرض أءلهٌ مع الله ﴾ النمل

واتە: كێیە ئەوەی وەڵامی لێ قەوماو دەداتەوەو نارەحەتی و ناخۆشی و زەرەری لەسەر لادەدات ؟! ئایا هیچ پەرستراوێكی تر هەیە لەگەڵ خوا وەڵامی لێ قەوماو بداتەوەو نارەحەتی لەسەر لابەرێت ؟!.

موشریكەكانیش باوەڕیان وابوو كە كەس نیە لەگەڵ خوا وەڵامی لێ قەوماو بداتەوە ونارەحەتی لەسەر لابەرێت.

واتە: هەركەسێك ـ موسڵمان بێت یان كافر، خوا بەتەنها پەرست (موحد) بێت، یان موشریك ـ ئەگەر توشی لێ قەومان و تەنگانە بوو، وە هاواری كردە خوا، ئەوە خوا وەڵامی دەداتەوە؛ چونكە خوای كافرو موسڵمانەو پەروەردگاری هەموو جیهانەو كەس بێ بەش نابێت لەو میهرەبانە.

كەواتە: ئەو كەسەی دەچێتە سەر گۆڕێك و لای شێخێك و پیاوچاكێك و لەوێ دەپاڕێتەوەو داوای ڕزگار بوون دەكات لە نارەحەتی، وە وەڵامی دەدرێتەوەو، نارەحەتیەكەی لەسەر لادەچێت. ئەوە ئەگەر هاواری كردبێتە خوا بە ئیخلاسی، خوا وەڵامی دەداتەوە، هەرچەندە كە پەروەردگار ڕازیش نیە لەلای قەبری هیچ كەسێك داوای لێ بكەیت، ـ بەو نیەتەی كە لای ئەو قەبرە دوعا قەبووڵ ترە، یان بەو بیروباوەڕەی كە بەهۆی ئەوەوە خوا وەڵام دەداتەوە ـ. واتە هەر چەندە خوا لەكاری گۆڕپەرستەكە ڕازی نیە، بەڵام چونكە لێ قەوماوو داماوەو هاواری كردە خوا، پەروەردگار وەڵامی دایەوە؛ چونكە پەروەردگاری كافرو موشریكەكانیشە ، نەك تەنها هی موسڵمانان ، ئەگەرچی بەتەنها پەرستراوی خۆشیانی دانەنێن.[1]

وتمان جاری وا هەیە وەڵام دانەوەكەیان بەهۆی ئەو هاواركردنە ئیخلاسەیان بووە بۆ خوا.

(ب) بەڵام جاری واش هەیە كە بە ئیخلاس هاوار ناكەنە خوا، بەڵكو لەگەڵ خوا هاوار دەكەنە پیاوچاكە مردووەكەی ناو قەبرەكەش و، داوای یارمەتی لەویش دەكەن. وە وەڵامیشیان دەدرێتەوە لەو داواكاریانەدا كە وەڵام دانەوەیان تەنها لە دەسەڵاتی خوا دایە.

وتمان ئەو جۆرەیان زۆر بە دەگمەن ڕوو دەدات ـ سوپاس بۆ خوا ـ وە كە ڕوو دەدات هەر لە خواوەیەو، بە ئیرادەو قەزاو قەدەری خوا داواكاریەكەی دێتە جێ. لەو كاتەدا، نەك بەهۆی دوعایە شیركیەكەیەوە جێ بەجێ بوبێت، وە

---

(1) (شيخ الإسلام ابن تيمية) دەفەرموێت: (ثم سبب قضاء حاجة بعض هؤلاء الداعين الأدعية المحرمة: أنّ الرجل منهم قد يكون مضطراً اضطراراً، لو دعا الله بها مشركٌ عند وثنٍ لاستجيب له. لصدق توجُّهِه إلى الله، وإن كان تحرِّي الدعاء عند الوثن شركاً !، ولو استجيب له على يد المتوسل به صاحب القبر أو غيره لاستغاثته، فإنّه يعاقب على ذلك ويهوى في النار إذا لم يعفُ الله عنه) إقتضاء الصراط المستقيم (ص ـ ٣٤٨)

نەك لەبەر ئەوە بێت کە شێخ وەڵامی دابێتەوە، یاخود واسیتەی بۆ کردبێت لای خوا، وە نەك لەبەر ئەوە بێت کە خوا ئەم شێوە هاوار کردنەیانی پێ باش بێت !!.

نەخێر لەبەر هیچ کام لەو هۆیانە نیە، بەڵکو تاقی کردنەوەی خواییە کە بۆ حیکمەتی خۆی لەو کاتەدا داواکاری کابرای گۆڕپەرست جێ بەجێ بوو لەو شوێنەدا، بۆ لێك جیاکردنەوەی تەنها خوا پەرستان (الموحدون) لە گۆڕپەرست وشەخس پەرستان. وەك لەپێشتر باسمان کرد.(1)

-+--+-*-+-*-+-*-+-*-+-*

پرسیار: ئایا ئەگەر یەکێك بڵێت باشە باوەڕمان هێنا کە تەنها خوای گەورە داواکاریەکەی جێ بەجێ کردوو، نارەحەتیەکەی لادا، بەڵام ناکرێ بڵێین چوونە لای قەبری شێخەکەو داوا کردن لێی بوو بەهۆی ئەوەی پەروەردگار وەڵاممان بداتەوە ؟!

وەڵام: ڕاستە دوعاو پاڕانەوە لە خوا سەبەبی دەست کەوتنی خێرو لابردنی شەڕە. چونکە پەروەردگار بە سەبەبی وەڵام دانەوەی داناوە کە فەرموویەتی ﴿ وقال ربكم ادعوني استجب لكم﴾ واتە داوام لێ بکەن وەڵامتان دەدەمەوە.

کەواتە پەروەردگار خۆی، دوعای بەندەکانی کردۆتە هۆی وەڵام دانەوەی خۆی، بە ویست و ئیرادەی خۆی.

بەڵام لە هیچ ئایەت و حەدیسێکی (صحيح)دا نەهاتووە، کە پەروەردگار:

- هاوار کردنە غەیری خۆی کردبێت بە سەبەبی وەڵام دانەوە.
- یان چوونە سەر قەبری پیاوچاکان و پاڕانەوە لای ئەوان لە خوا ڕاستەوخۆ.

---

(1) وە زانای بەناو بانگ شيَخ محمد بن صالح العثيمين ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەفەرموێت لە (فتاوى العقيدة ص:٢٣-٢٥) دا: (وليعلم أن الله عزّ وجل قد يفتن الإنسان بشيءٍ من مثل هذه الأمور. فقد يتعلّق الإنسان بالقبر فيدعو صاحبه أو يأخذ من ترابه يتبرك به فيحصل مطلبه ويكون ذلك فتنة من الله عز وجل لهذا الرجل، لأنّنا نعلم أنّ هذا القبر لا يجيب الدعاء وأنّ هذا التراب لا يكون سبباً لزوال ضررٍ أو جلبِ نفعٍ... والآيات في هذا المعنى كثيرةٌ تدلّ على أنّ كلّ من دُعيَ من دون الله فلن يستجيب الدعاء، ولن ينفع الداعي، ولكن قد يحصل المطلوب المدعو به عند دعاء غير الله فتنَةً وامتحاناً.

ونقول: إنّه حصل هذا الشيءُ عند الدعاءِ ـــ أي عند دعاءِ هذا الذي دعيَ من دون الله ـــ لا بدعاءِه. **وفرقٌ بين حصول الشيء بالشيء، وبين حصول الشيء عند الشيء** .

فإننا نعلمُ علم اليقينِ أنّ دعاءَ غير الله ليس سبباً لجلبِ النفعِ أو دفعِ الضرر بالآيات الكثيرة التي ذكرها الله عز وجل في كتابه، **ولكن قد يحصل الشيءُ عند هذا الدعاءِ فتنةً وامتحاناً**، والله تعالى قد يبتلي الإنسانَ بأسبابِ المعصية؛ ليعلم سبحانه وتعالى مَنْ كان عبداً لله، ومَنْ كان عبداً لهواه... وهكذا يجب على المرءِ إذا هيِّئتْ له أسبابُ الفعلِ المحرّم، أن يتّقي الله عز وجل، وأن لا يُقْدِم على فعل هذا المحرم، وأن يعلمَ أنّ تيسيرَ أسبابهِ من باب الإبتلاءِ والامتحان، فليحجمْ وليصبر فإنّ العاقبة للمتقين) .

- یان واسیتەی ئەوانی کردبێتە هۆی وەڵام دانەوەی دوعاو، جێ بەجێ کردنی داواکاری.

وە هەر شتێکیش قورئان و حەدیس نەیان کردبێت بە سەبەبی ئامانجێك، ئێمە بە هەواو ئارەزوو، و عەقڵ و تەجروبەی خۆمان ناتوانین بیکەین بە سەبەب، هەرچەند جاری واش ڕووی دابێت ـ بە قەدەری خوا ـ یان هەرچەندە جاری واش ڕووی دابێت بە کردنی ئەو بەناو سەبەبە، نەتیجە دەست کەوتبێت !!

چونکە پەروەردگار بەردەوام لەبەڕێوەبردنی پێداویستی خەڵکیدایە و، کاتێکیش کە کارێکی بۆ ئاسان دەکات، هەر خۆی دەزانێت بەهۆی چی‌یەوە بۆی ئاسان کردووەو چی بووە بە سەبەب، لەوانەیە شتێك بێت کە ئێمە هەر بە خەیاڵیشماندا نەهاتبێت!.

وە کە جارێك لە جاران نەتیجەیەکت دەستکەوێت، دوای کردنی کارێك؛ ئەوە ناتوانیت ئەم کارە بکەیت بە سەبەبی دەست کەوتنی نەتیجەکەت؛ چونکە دەیەها جاری تر هەمان کار کراوەو ئەم نەتیجەشی نەبووە !.

وە هەروەها چۆن دەبێت گۆڕپەرستان باوەڕیان وابێت کە هاوارکردنە غەیری خوا، بووە بە سەبەبی دەست کەوتنی داواکاریەکانیان؟!، لەکاتێکدا کە قورئان بەیەقینی پێمان دەفەرموێت غەیری خوا ناتوانێت هیچ بۆ خەڵکی دابین بکات، وە سودو زەرەرو خۆشی و ناخۆشی، تەنها لای خوای گەورەیە، وە مردووی گۆڕستان هیچیان بە دەست نی‌یە بۆخۆشیان چجای بۆ خەڵکی تر؟!.

کەواتە گومانی تێدا نی‌یە کەکاری بێ شەرعی وەك:

- چونە سەر گۆڕی پیاو چاکێك بۆ پاڕانەوە لەو،
- یان لە خوا بە هۆی ئەوەوە،
- یان لە خوا راستەوخۆ لای قەبری پیاو چاکەکە ـ

گومانی تێدا نی‌یە کە ئەم کارە ناشەرعی‌یە سەبەبی وەڵامدانەوەی داواکاریەکە نی‌یەو، بەهۆی ئەم کارە ناشەرعی‌یەوە داواکاریەکەیان جێبەجێ نەبووە.

بەڵام نەفام و گومڕایان هەر بەگومانی خۆیان، کاری ناشەرعی دەکەن بە سەبەبی گەیشتن بە ئاواتەکانیان. هەروەکو چۆن لای زۆربەی خەڵکی وایە کە نەزرکردن (لەخۆگرتن) سەبەبی لاچوونی بەڵاو ناڕەحەتی‌یە، بۆیە ئەگەر ناخۆشیەکیان تووش هات دەچن بۆ سەر گۆڕی شێخ، وە بڕێك لە ماڵەکەیان دەکەنە نەزرو دەڵێن: ئەی حەزرەتی شێخ ئەگەر لەو بەڵایە ڕزگارم بێت ئەوەندەم خێر بێت ؟ جا کەجارێك لە جاران بەقەزاو قەدەری خوا بەڵایەکی لەسەر لاچوو، دەڵێت: ئەوە نەزرەکەی سەر گۆڕی شێخ بۆی کردم !.

ئاوا زیاتر گومڕا دەبێت، وە نازانێت کە نەزرکردن هیچ خێرێکی پێ دابین نابێت، وە هیچ بەڵایەکی پێ لاناچێت، ئەگەرچی نەزرەکە بۆ خوای گەورەش بکرێت بە تەنها؛ چونکە پێغەمبەر ـ ﷺ ـ دەفەرموێت:

﴿ إنَّ النذر **لا يقرِّب من ابن آدم شيئاً لم يكن الله قدَّره له**. ولكن **النذرُ يوافقُ القدرَ**، فيخرج بذلك من البخيل ما لم يكن البخيل يريد أن يخرجه ﴾[1]

واتە: نەزر هیچ ئاواتێكی مرۆڤ نزیك ناكاتەوە كە خوا بۆی تەقدیر نەكردبێت (واتە پێشتر لە قەدەردا بڕیاری بۆ نەدرا بێت)، (**ولكن النذرُ يوافقُ القدر**)**واتە: بەڵام جاری وا هەیە كە نەركردنەكەی لەگەڵ قەزاو قەدەری خوا دێتەجێ، جا ئەو مرۆڤە نەفامە بێ ئاگایە لە قەدەری خوا، وا گومان دەبات كە نەزرەكەی داواكاریەكەی بۆ دابین كرد، یا بە هۆی نەزرەكەیەوە بووە!**[2]. **كە لە ڕاستیشدا دەستكەوتنی داواكاریەكەی تەنها بە قەزاو قەدەری خوا**

---

(1) صحيح البخاري: (٦٦٩٤). وصحيح مسلم: (١٦٤٠).

(2) **قال الحافظ ابن حجر العسقلانـــي** في شرح هذا الحديث: (وجزم القرطبي في ((الْمُفْهِم)) بحمل ما ورد في الأحاديث من النهي ـــ على نذر المجازاة، فقال: هذا النهي محلّه: أن يقول ـــ مثلاًـــ:إن شفى الله مريضى، فعليَّ صدقةٌ. ووجه الكراهة: أنه لما وقف فعل القربة المذكورة على حصول الغرض المذكور، ظهر أنه لم يتمحَّض له نيّة التقرُّبِ إلى الله بما صدر منه، بل سلك فيها مسلك المعوضة، ويُوضِّحه: أنه لو لم يشـــف مريضـــه، لم يتصدّق بما علقه على شفائه، وهذه حالة البخيل، فإنه لايُخرج من ماله شيئاً إلاّ بعوضٍ عاجلٍ يزيد على ما أخرج غالباً!. وهذا المعنى هو المشار إليـــه بقوله: (إنما يُستخرج بذلك من البخيل) قال: وقد ينضم إلى هذا اعتقاد جاهل يظن:١. **أن النذر يُوجب حصول ذلك الغرض**، أو، ٢. **أن الله تعالى يفعل معه ذلك الغرض لأجل ذلك النذر**،... والحالة الأولى تُقارب الكفر، والثانية خطأٌ صريحٌ. قلت ـــ أي الحافظ ـــ:بل تقرب من الكفر. ثم نقل القرطبي عن العلماء: حمل النهي الوارد على الكراهة، وقال: والذي يظهر لي: أنه على التحريم في حق من يُخاف عليه ذلك الاعتقاد الفاسد، فيكـــون إقدامه على ذلك محرماً، والكراهة في حق من لم يعتقد ذلك. قال الحافظ: وهو تفصيل حسن). ((فتح الباري١٣/٤٣٧)).

قال الطيبي: أن النذر المنهي عنه هو: النذر المقيد، الذي يُعتقد أنه يَغني عن القدر بنفسه ـــ كما زعموا ـــ، وكم نرى في عهدنا جماعـــة يعتقـــدون ذلك، لما شاهدوا من غالب الأحوال حصول المطالب بالنذر. ((تحفة الأحوذي ٥/١٢٦)).

وقال عبدالله بن عبدالرحمن البسام: النذر لا يردّ من قضاء الله شيئاً، ولكن ربما لو صادف أن النذر وافق حصول مطلوب أو دفع مكروه، ظـــن الناذر أن هذا بسبب نذره الذي علّق القيام به على حصول مطلوبه أو دفع مكروهه.

وقال: النذر المكروه هو إذا كان لطاعة الله، **فأما النذر للموتى وللقبور والطواغيت والشياطين وغيرهم، فهذا هو الشرك** نعوذ بالله تعالى مـــن غضبه وأسباب غضبه. وقال شيخ الإسلام النذر للقبور أو لأهل القبور أو للشيخ فلان، نذر معصية لايجوز الوفاء به. ((توضيح الأحكام من بلـــوغ المرام ٦/١٠١-١٠٣)).

وقال الرافعي في شرح المنهاج: ((وأما النذر للمشاهد التي على قبر ولي أو شيخ أو على أسم من حلها من الأولياء أو تردد في تلك البقعـــة مـــن الأولياء والصالحين فإن قصد الناذر بذلك —وهو الغالب أو الواقع قصود العامة—تعظيم البقعة أو المشهد أو الزاوية أو تعظيم من دفن بها أو نسب إليه أو بنيت على اسمه، فهذا النذر باطل غير منعقد فإن معتقدهم أن لهذا الأماكن خصوصيات ويرون أنها مما يدفع بها البلاء، ويســـتجلب بهـــا النعمـــاء، ويستشفى بالنذر لها من الأدواء حتى إنهم ينذرون لبعض الأحجار لما قيل لهم إنه استند إليها عبد صالح، وينذرون لبعض القبور الســـرج والزيـــت، ويقولون: القبر الفلاني أو المكان الفلاني يقبل النذر، يعنون بذلك أنه يحصل به الغرض المأمول من شفاء مريض، أو قدوم غائب، أو سلامة مال، وغير ذلك من أنواع نذر المجازات، فهذا النذر على هذا الوجه باطل لا شك فيه، بل نذر الزيت والشمس ونحوهما للقبور باطل مطلقاً، ومن ذلـــك نـــذر

بووەو هیچ پەیوەندییەكی بە نەزرەكەیەوە نییە، بەڵام دەوری نەزركردنەكەی تەنها ئەوەیە كە بەهۆی نەزرەوە مرۆڤ ماڵێك دەبەخشێت كە بێ نەزر نەیدەبەخشی، واتە لە دەستی ئەو پیسكەیە نەدەهاتە دەر ئەو خێرە بكات، ئەگەر لەسەر خۆی نەزر نەكردبایە!.

كەواتە پێغەمبەری خوا ـ ﷺ ـ پێی ڕاگەیاندین كەهیچ كارێك بەهۆی نەزرەوە جێ بەجێ نابێت، ئەگەر نەزرەكەیشی بۆ خوا بێت. وە ئەگەر هەر شتێكیش بووبێت ئەوە بەقەزاو قەدەری خوا بووە، نەك بەهۆی نەزر كردنەكە.

بەڵام نەفام و گۆڕپەرستان گومڕایەتیان لە هیچ سنورێك نەوەستاوە؛ بۆیە نەزر بەلایانەوە سەبەبێكی دابینكەری ئاواتەكانیانە، ئەگەر نەزرەكەشیان بۆ غەیری خوا بێت كە شیركە!.

الشموع الكثيرة العظيمة وغيرها لقبر الخليل، عليه السلام، ولقبر غيره من الأنبياء والأولياء، فإن الناذر لا يقصد على القبر إلا تبركاً وتعظيماً ظاناً أن ذلك قربة، فهذا مما لا ريب في بطلانه، والإيقاد المذكور محرّم سواءً انتفع به هناك منتفع أم لا)) فتح المجيد ص (٢١٣).

وقال النووي: ((إذا نذر المشي إلى مسجد غير المساجد الثلاثة، وهي: المسجد الحرام، والمدينة، والأقصى لم يلزمه ولا ينعقد نذره عندنا)) المجموع (٤٧١/٨).

وقال أحمد بن حجر آل بوطامي الشافعي: ((أي لا ينذروا لغير الله، ولا يطوفوا بغير البيت العتيق، فلا يجوز النذر للأولياء ولا للصالحين ولا الطواف بقبورهم كما يفعله الجاهلون بقبر الجيلاني، والحسين، والبدوي، والدسوقي، وغيرهم فإن هذا شرك لا مراء فيه، وكثير من المبتعدين الجاهلين ينذر للصالحين، وبعضهم يرسل أموالاً ٠٠٠للسدنة ولتعمير القباب كما يفعل ذلك الكثير من الهنود والباكستانيين بنذرهم لعبدالقادر الجيلاني، وإرسالهم إلى ضريحه أموالاً وافرة، هذا ممن زعم أنه من أهل السنة وأما شيعة الهنود والباكستانيين والإيرانيين فإنهم ينذرون أموالاً بقبورهم أهل البيت في النجف وكربلاء وخراسان وقم، ويشدون الرحال من مختلف الأقطار إلى تلك القبور للطواف بها، والاستغاثة بساكنها وطلب قضاء الحاجات وتفريج الكربات مما لا يقدر عليه إلا خالق الأرض والسماوات، وكذلك لايجوز النذر لقبور الأولياء والصالحين، فكذا لايجوز الوقف من بيوت وعقار على قبورهم، فمن نذر لغير الله فلا يجب عليه الوفاء، بل يستغفر الله، ويتوب إليه، ويأتي بالشهادتين لأنه مرتد إن علم أن النذر لغير الله شرك، ومن وقف عقاراً أو حيواناً على قبور الأولياء فوقف باطل، أو وصّى لها فوصيته فوصيَّته باطلة، وذلك العقار أو الحيوان لا زال على ملك صاحبه، نسأل الله لنا ولهم التوفيق.

وقول بعضهم: **إن النذر لله والثواب للولي كلام باطل وضلال عاطل**؛ فأيُّ شيءٍ أدخل الولي هنا ؟! إن كان قصده الصدقة فليتصدق على الفقراء عن نفسه وعن أبويه وأقاربه، وما يدريه بأن صاحب هذا القبر ولي ! والأمور بخواتيمها فقد يكون ظاهره صديقاً، وباطنه زنديقاً، ويظهر كذبهم وضلالهم أنهم يأخذون الأغنام ويذبحونها عند القبر، فإذا أنكرت عليهم قالوا الذبح لله والثواب للولي، وليس القصد من هذا إلا التلبيس وقلب الحقائق، وهم لم يقصدوا إلا الولي. على أن العلماء قد صرَّحوا أن لا يذبح لله بمكان يذبح فيه لغير الله للحديث عن ثابت بن الضحاك قال: ((نذر رجل أن ينحر إبلاً بِبُوانةَ فسأل النبي ﷺ فقال هل كان فيه وثن من أوثان الجاهلية يُعبَد؟)) قالوا: لا، فقال رسول الله ﷺ: أوف بنذرك فإنه لا وفاء للنذر في معصية الله ولا فيما لا يملك ابن آدم)) أخرجه أبو داود كتاب الأيمان والنذور باب ما يؤم به من الوفاء بالنذر (٦٠٧/٣) ح (٣٣١٣) والبيهقي في السنن (٨٣/١٠) والطبراني في الكبير ح (١٣٤١) من حديث ثابت بن الضحاك وصححه الحافظ ابن حجر في تلخيص الحبير (٣١-٣٢).)) تطهير الجنان ص (٣١-٣٢).

كەواتە زانیمان پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی فەرموویەتی نەزر سەبەب نی یە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەفامان هەر بە سەبەبی دادەنێن.

وە بەهەمان شێوەش چوونە سەر گۆڕو، پاڕانەوە لایان و لێیان سەبەب نین، بەڵام هەر بەسەبەبی دادەنێن و بەردەوامن لەسەری. وە شەیتانیش زیاتر بۆیان دەڕازێنێتەوە، بەهۆی ئەوەی كە پەروەردگار جار جار داواكاریەكانیان جێ بەجێ دەكات بۆ تاقی كردنەوەیان. خوا هۆشیارمان بكاتەوەو بمان پارێزێت لە گومڕایی.

وە شێخ الاسلام. فەرموویەتی:

فأما غالب هذه الأدعية التي ليست مشروعة: فلا تكون هي السبب في حصول المطلوب، ولا جزءاً منه. ولا يعلم ذلك، بل لا يتوهم إلا وهما كاذباً كالنذر سواء، فإن في الصحيح عن ابن عمر عن النبي ﷺ [أنه نَهى عن النذر. قال: أنه لا يأتي بخيرٍ.وإنما يُستخرجُ به من البخيل].

فقد أخبر النبي ﷺ أن النذر لا يأتي بخير، وأنه ليس من الأسباب الجالبة لخير، أو الدافعة لشرٍّ أصلاً، وإنما يوافق القدر موافقةً كما توافقه سائر الاسباب فيخرج من البخيل حينئذٍ مالم يكن يخرجه قبل ذلك.

ومع هذا: فأنت ترى الذين يحكون أنهم وقعوا في شدائد فنذروا نذراً لكشف شدائدهم أكثر أو قريباً من الذين يزعمون أنهم دعوا عند القبور أو غيرها فقضيت حوائجهم بل من كثرة اغترار الضالين المضلين بذلك صارت النذور المحرمة في الشرع، فأكل الكثير من السدنة والمجاورين العاكفين على القبور أو غيرها، يأخذون من الأموال شيئاً كثيراً.

وأولئك الناذرون... قد قام بنفوسهم: أن هذه النذور هي السبب في حصول مطلوبهم ودفع مرهوبهم، وقد أخبر الصادق المصدوق أن نذر طاعة الله ــ فضلاً عن معصيته ــ ليس سبباً لحصول الخير، وإنما الخير الذي يحصُل للناذر يوافقهُ موافقةً، كما يوافق سائر الاسباب، فما هذه الأدعية غير المشروعة في حصول المطلوب بأكثر من هذه النذور في حصول المطلوب...

بل إذا كان المبطلون يُضيفون قضاء حوائجهم إلى خصوص نذر المعصية، مع أن جنس النذر لا أثر له في ذلك لم يبعد منهم إذا أضافوا حصول غرضهم إلى خصوص الدعاء بمكان لا خصوص له في الشرع. لأن جنس الدعاء هنا موثر. فالإضافة اليه ممكنة، بخلاف جنس النذر؛ فإنّه لا يوثر.

والغرض بأن يُعرف أن الشيطان إذا زَيّن لهم نسبة الأثر إلى مالا يُؤثرُ نوعاً ولا وصفاً، فنسبتُهُ إلى وصف قد ثبت تأثيرُ نوعه أولى أن يُزيّنهُ لهم. ثم كما لم يكن ذلك الاعتقاد منهم صحيحاً فكذلك هذا، إذْ كلاهما مخالف للشرع.

ومما يوضحُ ذلك: أن اعتقاد المعتقد أن هذا الدعاء، أو هذا النذر هو سبب أو بعض السبب في حصول المطلوب لابد له من دلالة. ولا دليل على ذلك في الغالب إلا الاقتران أحياناً. أعني وجودهما جميعاً، إن تراخى أحدهما عن الآخر مكاناً أو زماناً.مع الانتقاض أضعاف أضعاف الاقتران.

ومجرد اقتران الشيء بالشيء بعض الاوقات، مع انتقاضه، ليس دليلاً على العلّة باتفاق العقلاء إذا كان هنالك سبب آخر صالح، تختلف الاثر يدُلّ على عدم العلَية.

فإن قيل: إن التخلف لفوات شرطٍ، أو لوجود مانع.

قيل: بل الاقتران لوجود سبب آخر. وهذا هو الراجح؛ فإنا نرى اللهَ في كلِّ وقتٍ يقضي الحاجات، ويُفــرج الكربــات بأنواع من الاسباب لا يقضيها إلا هو. وما رأيناه يحدث المطلوب مع وجود هذا الدعاء المبتدع إلا نادراً. فإذا رأيناه قد أحدث شيئاً ـ وكان الدعاء المبتدع قد وجد ـ كان إحالة حدوث الحادث على ما عُلم من الاسباب التي لايحصيها إلا الله أولى مــن إحالتهِ على مالم يثبت كونه سبباً.

((ثم الاقتران إنْ كان دليلاً على العلّة فالانتقاض دليلٌ على عدمها)).

((ويكفيك أنّ جُلَّ ما يُظنُّ أنه سبب لحصول المطالب مما حرّمتهُ الشريعة من دعاءٍ أو غيرهِ، لابد فيه من أحد أمرين:

– إما أن لا يكون سبباً صحيحاً، كدعاء مالا يسمع ولا يُبصر ولا يُغني عنك شيئاً، وإما أن يكون ضرره أكثر من نفعهِ.

– فأما ماكان سبباً صحيحاً، منفعتُهُ أكثر من مَضَرّتهِ: فلا ينهى عنه الشرعُ بحالٍ. وكلُّ مالم يشرع من العبارات مع قيام المقتضي لفعلهِ من غير مانعٍ فإنه من باب النهي عنه))(١)

جۆری دووەم لە داواکاریەکان:

ئەو داواکاریانەی کە دابین کردنیان لەتوانای مرۆڤ ، و جنۆکەدا هەیە، بەئیزن وئیڕادەی خوا:

ئەم جۆرە داواکاریانە کە لە پیغەمبەری خـوا ﷺ بکـرێن دوای مردنـی، یـان لـە پیاوچـاکێك بکـرێن لەسـەر قەبرەکەی، یان لە دوورەوە. وە وەڵامی داواکاریەکان بێتەجێ؛ ئەوە جنۆکە شەیتانەکان پێـی هەڵدەسـتن و داواکـاری گۆڕپەرستان دێننەجێ، بۆ ئەوەی زیاتر گومڕایان بکەن و لە ڕێگای ڕاستی تەنها خواپەرسـتی لایـان بـدەن. وە وەڵام دانەوەی شەیتانەکانیش بۆ گۆڕپەرستان هەر بەویستی قەدەریی (الارادة القدریـة)ی خوایـەو، لـەو سـنورەدایە کـە پەروەردگار دایناوە بۆ شەیتانەکان. چونکە ئەگەر پەروەردگار ویسـتی لەسـەر ئـەوە نـەبێت شـەیتانەکان وەڵامیـان بدەنەوە، ناتوانن وەڵامیان بدەنەوە. کەواتە ئەم جۆرە وەڵام دانەوەیەش هەر بە ئیرادەو ویستی خوایە بەڵام نـەك ئـیڕادەو ویستنی دینی و شەرعی (الارادة الشرعیة)و، لێ ڕازی بوون و، پێ خۆش بوون و، پەسندکردن؛ بەڵکو ئیرادەو ویستی قەدەرییە، کە پەیوەندی نیە بە لێ ڕازی بوونی.

چونکە هەر شتێك لەم بوونەوەرەدا ڕوو بدات؛ لە چاکەو خراپە و، ئیمـان و کـوفر، هـەمووی هـەر بـە ویسـتی قەدەری خوایە. واتە خوا لە قەدەردا ویستویەتی ببێت، بەڵام مەرج نیە هەرچـی لەقـەدەردا ویسـتبێتی ببێـت، لای پەسندو خۆشەویست بێت و فەرمانیشی پێ کردبێت و، ویستی شەرعی و دینیشی لەسەر بێت.

---

(١) باختصار من (اقضاء الصراط المستقيم) ص (٣٥٤، ٣٥٨،٣٦٣).

بەڵکو ئەوەی (چاکەیەو ئیمانەو پاکە) ئەوە خوا لە قـەدەردا ویسـتوویەتی ببێـت واتـە ئـیرادەی قـەدەری (الإرادة القدريـة)ی لەسەرە. وە هەروەها لە شەرعیشدا فەرمانی پێ کردووەو لە دینیشدا ویستوویەتی ببێت و، پێـی خۆشـە بکرێت، واتە ئیرادەی شەرعی و دینیشی لەسەرە (الإرادة الشرعية و الدينية).

بەڵام ئەوەی (کوفرەو خراپەیەو پیسە) پەروەردگار ویستی قەدەری (الإرادة القدرية)ی لەسەر بووە. واتە لە قـەدەردا ویستوویەتی ببێت، ئەگینا هەر لە بنەڕەتدا نەدەبوو؛ چونکە هەر شتێك کە خوا نەیەوێت ببێت، نابێـت و، ئـەوەش کە بیەویت ببێت ـ بە ویستنێکی قەدەری ـ ئەوە هەر دەبێت. جا پەروەردگار ویستی قەدەری بووە لەسەر بوونی ئـەو شتە خراپانە، بۆیە بوون. بەڵام ویستی شەرعی و دینی لەسەر نین، وە ڕازی نیـە کـە بکـرێن و، نـەهی کـردووە لـە کردنیان. بۆ نمونە:

ئیمانی بڕوادار خوا ویستوویەتی ببێت بە هەردوو ویستنەکەی؛ ویستنی قەدەری و ویستنی شەرعی و دینی.

واتە ئیمانی کابرای بڕوادار بە ویست و ئیرادەی قەدەری خوا هاتۆتە بوون. وە هەروەك هاتۆتە بـوون، خـوا پێشـی خۆشە بێتە بوون و، فەرمانیشی کردووە بەبوونی و ئیرادەو ویستی لەسەر بونیەتی لە شەرعدا.

واتە لە شەرع و دیندا خوا ئەمری کردووە بە خەڵکی ئیمانی هەبێت.

بەڵام کوفری کافر هەرچەندە ویستی قەدەری خوای لەسەرە ئەگینا نەدەبوو بەڵام ویسـتی شـەرعی ئـەوی لەسـەر نیە، واتە لە شەرعدا خوا لە کوفر ڕازی نیەو، فەرمانی پێ نەکردووە، بەڵکو ویست و ئیرادەی لەسـەر نەبوونیـەتی، بەڵام کافرەکە بە ویستی شەرعی خوا ناکات بەڵکو بێ فەرمانی دەکات و کوفر هەڵدەبژێرێت بـە ئـارزوو ئـیرادەی خۆی.

کەواتە دوای ڕوون کردنەوەی دوو جۆر ئیرادەکەی پەروەردگار (الإرادة القدرية. والإرادة الشرعية)، بۆمـان دەرکـەوت کە هیچ شتێك؛ چاك یان خراپ لە بوونەوەردا ڕوو نادات بەبێ ئیرادەی قەدەری خـوای گـەورە؛ چـونکە مەملەکـەتی خۆیەتی و، هەر شتێك کە ئەو لە قەدەردا نەیویستبێت ببێت نابێت بەهیچ شێوەیەك.

بەڵام ویست و ئیرادەی قەدەری نیشانەی ویستی شەرعی و ڕەزا بوونی خوا نیە. واتە مەرج نیـە هـەر شـتێك لـە بوونەوەردا ڕوو بدات بە ئیرادەی خوا ئەوە خوا لێی ڕازی بێت و پەسندی کردبێت لە شەرعدا.

بۆ نمونە: خوا ویستوویەتی شەیتان ببێت بۆ تاقی کردنەوەی خەڵکی، وە ویستوویەتی لە قەدەردا کافرو موشریك بن بۆ دژایەتی کردنی موسڵمانان تا موسڵمانان، بە ناخۆشی تاقی بکاتەوە، وە ویستوویەتی لە قـەدەردا کـە مـارو دووپشك و گورگ و شێرو پڵنگ و جۆرەها دڕندەی تر بن، بەڵام پەروەردگار هیچ کام لەم شتانەی خۆش ناوێت و پێی ڕازی نیە لە شەرعدا، بەڵکو بۆ تاقی کردنەوەی بەندەکانیەتی و چەندان حیکمەتی تریشی هەیە لە بونیان.

وە خوای گەورە لە قەدەردا وای كردووە كە بەهۆی دزی كردنیشەوە ماڵ كۆ بكرێتەوە، بەڵام لەم هۆیە(كە دزی كردنە) ڕازی نیە، وە ویستی شەرعی لەسەر نیە وە وای كردووە كە بە زیناكردنیش ئارەزووی ژن و پیاو دابمركێتەوە، بەڵام زینا كردنی حەرام كردووە، وە ویستی شەرعی لەسەر نیەو هۆیەكی بێ شەرعیيە.

كەواتە بەهەمان شێوەش پەروەردگار لە قەدەردا ویستی وابووە كە جنۆكە شەیتانەكان وەڵامی داواكاری گۆڕپەرستان ونەفامان و بت پەرستان و گاور پەرستان بدەنەوە بۆ ئەوەی زیاتر گومڕا بن؛ چونكە شوێن پێغەمبەرەكەی ﷺ نەدەكەوتن و باوەڕیان بە قورئان و حەدیس نەدەهێنا كە وەحی(الله) بەڵام باوەڕیان هەبوو بەوەی كە وەحی شەیتانە !!

كەواتە ـ لەبەر حیكمەتێكی گەورەی پەروەردگار ـ مۆڵەت دراوە بە شەیتانەكان وەڵامی دۆستەكانیان بدەنەوە، بەڵام ئەم مۆڵەت دانەی پەروەردگار بە شەیتانەكان نیشانەی ئەوە نیە كە پەروەردگار لەو كارە ڕازیەو ئیشەكەی ئیشێكی شەرعیيەو داواكردن لە پیاوچاكان هۆیەكی شەرعیيە.

نەخێر كارەكەیان شیركەو، پەروەردگار لێی ڕازی نیيەو، هۆیەكەش بێ شەرعیيە!!

وە هەر داواكاریەكیش كە بە هۆیەكی (سەبەبێكی) بێ شەرعی و حەرامەوە دەست بكەوێت، ئەوە زەرەری زیاترە لە قازانجی و، قازانجەكەیشی بەردەوام نابێت و تا سەر نیە.

لەوانەیە داواكاریەكی بێ نرخی بێ سودی دەست كەوێت لەو ڕێگایە ناشەرعیيەو بەو سەبەبە حەڕام كراوە كە هاوار كردنە شێخ و پیاوچاكانە. بەڵام زەرەرێك دەكات كە بەردەوامەو بەرەو دۆزەخی دەبات ئەگەر تۆبەی لێ نەكات وە زەرەرەكەش بریتیيە لە كافر بوون بە شەریك بۆ خوا دانان و، ئیعتیقاد بە قەبر بوون، كە سودی پێ گەیاندوەو زەرەری لێ لاداوە!.

جا ئایا هەر كەسێ تۆزێك عەقڵی هەبێت بۆ ئەو قازانجە كەم و بڕاوەیە، ئەم زەرەرە گەورە نەبڕاوەیە توشی خۆی دەكات ؟![1].

---

(1) شَيْخُ الاسلام دەفەرموێت:

وإذا قيل: إن الله يفعَلُهُ بذلك السبب. فإذا كان السبب محرّماً لم يَجُزْ... وقد يكون الدعاء المحرم في نفسه دعـاء لغـير الله، وأن يدعو الله مستشفعاً بغيره إليه ... وقد يكون دعاءً لله، لكنه توسل إليه بما لا يُحِبّ أن يتوسل به إليه. كما يفعل المشركون الـذين يتوسلون إلى الله بأوثانهم.

فهذه الأدعية ونحوها ــ وإن كان قد يحصُلُ لصاحبها أحياناً غرضه ـ لكنها محرَّمة، لما فيها من الفساد الذي يربو على منفعتها ... ولهذا كانت هذه فتنة في حق من لم يهده الله، ويُنور قلبهُ فيفرق بين أمر التكوين وأمر التشريع، ويفرق بين أمر القدر وأمر الشرع، ويعلم أن الأقسام ثلاثة:

أمور قدرها الله، وهو لا يُحبّها ولا يرضاها. فإن الاسباب المُحصِّلة لهذه تكون محرمة موجبة لعقابه.

ئایا ئەگەر یەكێك بڵێت: وەڵام درانەوەیان بەئیزنی خوا، نیشانەی لێ ڕازی بوونی خوایە! چۆنە؟.

وەڵام:

ڕوونمان كردەوە كە ئیزنی قەدەری خوا نەبەستراوەتەوە بە ئیزنی شەرعی و دینی و ڕەزابوونی خوا. چونكە زۆر شت هەیە كە بە ئیزن و ئیرادەی قەدەری خوایە بەڵام لێیشی ڕازی نیەو پێیشی خۆش نیە.

بۆ نمونە: پەروەردگار لەقەدەردا داینـاوە (واتە ئیرادەی بووە) كە مرۆڤ بە زینا كـردنیش شـەهوەتی دامركێتـەوە، بەڵام ئیرادەی شەرعی لەسەر ئەو وەسیلە بێ شەرعی‌یە نیەو پێی ڕازی نیە؛ بۆیـە ویسـتی شـەرعی لەسـەر ئەوەیـە گەنج ژن بهێنێت بە ڕێگایەكی شەرعی و پاك. وە ئەگەر نەشی توانی ژن بهێنێت، ئەوە با ڕۆژوو بگرێـت؛ (فإنَّهُ لَـهُ وِجاءٌ) واتە ڕۆژوو شكێنەری شەهوەتەو دامركێنەرەوەیەتی.

كەواتە: ئەگەر ئیرادەو ویستی قەدەری خوا، لەسەر ئەوە بێت كە گۆڕپەرستان وەڵامی داوا شیركیەكانیان بدرێتەوە جار جار لەڕێگای جنۆكە شەیتانەكانەوە، ئەوە نیشانەی پێ خۆش بوون و لێ ڕازی بوونی خوا نیـە؛ چـونكە ئـیرادەی شەرعی خوا لەسەر هاوار كردنە غەیری خوا نیە؛ بەڵكو ئیرادەی شەرعی لەسەر ئەوەیە كـە تـەنها هـاوار بكرێتـە (الله) وهاوار نەكرێتە كەسی تر.

وە ئەگەر ئەوە نیشانەی ڕەزامەندی خوا بێت ئەوا دەبێت گۆڕپەرستان باوەڕیان وا بێت كە خوا لـە هیندۆسـە گـا پەرستەكان و، جولەكەو گاورەكان و موشریكە بت پەرستەكانیش ڕازیە؛ چونكە ئەوانیش جاری وا هەیـە كـە لای بت و پەرستراوەكانیان هاوار دەكەن، داواكاریەكانیان دێنەجێ.

وە هەركەسێكیش وەڵام درانەوە بە نیشانەی ڕازی بـوونی خـوا دابنێـت؛ دەبێـت بڵێـت خـوا لـە هـەموو كـافرو موشریكەكان ڕازیە، وە هەر كەسێكیش ئەمە بڵێت كافر دەبێت پەنا بە خوای گەورە.

وە كە بڵێین ئەم وەڵام دانەوەیە لەكەرامەتی شێخە، دەڵێین: كەوابوو دیارە بت و سـەنەم و گـای هیندۆسـەكانیش كەرامەتیان هەیە !! [1].

وأمور شرعها فهو من العبادة ويرضاها ولكن لم يُعِنْهُ على حصولها. فهذه محمودة عنده مرضيّةٌ وإن لم توجد.

والقسم الثالث: أن يعين الله العبد على ما يُحبُّهُ منه.

فالأوّلُ: إعانةُ الله. والثاني: عبادة الله. والثالث: جمع له بين العبادة والإعانة، كما قال تعالى: ﴿ إياك نعبد وإياك نستعين﴾ فما كان من الدعاء غير المباح ذا أثرٍ: فهو من باب الإعانة لا العبادة. كدُعاء سائر الكفار والمنافقين والفُسّاق). اقتضاء الصـراط المستقيم ـ ص (٣٥٥).

(1) وە ڕوونكردنەوەی زانایانیش لەم بارەیەوە زۆرە:

وە بۆ زیاتر حاڵی بوون لەو دیاردە سەیرو ناعادەتیانەی بەکەرامەتیان دادەنێن، بڕوانە وەڵامی شوبهەی بیست. بـۆ ئەوەی کەرامەت و گومڕاییەت لێك جیاکەیتەوە. وە بشزانیت کێن دۆستانی خـوا ﴿أولیـاء الـرحمن﴾، کـە خـاوەنی کەرامەتن. وە کێش دۆستانی شەیتانن ﴿أولياء الشيطان﴾، کە خاوەنی خاوەنی گومڕاییەتن !.

---

١. **شيخ الاسلام دەفـەرموێت:** (فإن اليهود والنصارى عندهم من الحكايات والقياسات من هذا النمط كثير، بل المشركون الذين بعث اليهم رسول الله ـ ﷺ ـ كانوا يدعون عند أوثانهم فيستجاب لهم أحياناً، كما قد يستجاب لهؤلاء أحياناً وفي وقتنا هذا عند النصارى من هذا طائفة.

فإن كان هذا وحده دليلاً على أن الله يرضى ذلك ويحبهُ فليطّرد الدليل. وذلك كفرٌ متناقض)اقتضاء ص:٣٤٤.

٢. **وە ئیمامی (الصنعاني) دەفەرموێت:** (فإن قلت: ان الناذر قد يدرك النفع ودفع الضرر بسبب إخراجه للنذر وبذله.

قلت: كذلك الأصنام قد يدرك ما هو أبلع من هذا، وهو الخطاب من جوفها والإخبار ببعض ما ينمه الإنسان. فإن كان هذا دليلاً على حقيّـــة القبور وصحة الإعتقاد فيها، فليكن دليلاً على حقيّة الأصنام. وهذا هدمٌ للإسلام وتشييدٌ لأركان الأصنام.

والتحقيق أنّ لإبليس وجنوده من الجنّ والإنس أعظم العناية في إضلال العباد. وقد مكّن الله إبليس من الدخول في الأبدان والوسوسة في الصدور وإلتقام القلب بخرطومه، فكذلك يدخل أجواف الأصنام ويلقي الكلامَ في أسماع الأقوام، ومثله يصنعه في عقائد القبوريين، فإن الله تعالى قد أذن له أن يجلب بخيله ورجله على بني آدم، وأن يشاركهم في الأموال والأولاد.

وثبت في الأحاديث (أن الشيطان يسترق السمع بالأمر الذي يحدثه الله فيلقيه إلى الكهان وهم الذين يخبرون بالمغيبات ويزيدون فيما يلقي الشيطان من عند أنفسهم مائة كذبة). (تطهير الاعتقاد عن أدران الإلحاد).